

# ژوانی یەسنا

## بەشی یەکەم

# ژوانی یەســـنا

## بەشی یەکەم
## هەنگاوێك بۆ دۆزینەوەی بەشێك لە جوگرافیای ونبووی ئاڤێستا

نووسین و توێژینەوە
جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)

ژوانی یەسنا

بەشی یەکەم

هەنگاوێك بۆ دۆزینەوەی بەشێك لە جوگرافیای ونبووی ئاڤێستا

---


- ❖ بابەت:
- ❖ نووسین و توێژینەوە: جەلیل عەباسی
- ❖ پیتچنین: نزار نوری
- ❖ نەخشەسازی ناوەوە: نزار نوری
- ❖ نەخشەسازی بەرگ:
- ❖ نۆبەتی چاپ:
- ❖ چاپخانە:
- ❖ تیراژ:
- ❖ نرخ:
- ❖ ژمارەی سپاردن:

## پێشەکی/ چاپی یەکەم

" لەم گۆشـەیەدا نووسـەری بەڕێـز جەلیـل عەباسـی دەیەوێـت چەمـك و زاراوەکـانی کـوردی و ئێرانـی کـۆن ڕاڤە بکـات و بە خـوێنەری ئێسـتای کوردیـان بناسێنێتەوە، ئەمەش وەکوو دەروازەیەك بۆ چوونەوە سەرگەنجینەی پڕ بەهای بیرو فەلسەفەی کۆنی ئەم سەرزەمینەمان.

ئەم گەڕانەوەیە بـۆ ڕابـردووە دوورەکـان و قووڵاییەکـانی مێـژوو، ئەو یادەوەرییەمان لا دەورووژێنێتەوە کە لە کۆنەستی هەمووماندا هەیە. هەرچەندە سەردەمە ناسۆرەکان دابڕانێکی زۆریشـیان لە نێـو کلتـووری ئێسـتا و ئەوسـای ئێمەدا دروست کردبێت. – گوڵان – ".

ئەو چەنـد دێـڕەی سـەرەوە پێشـەکییەکی کـورتی بـرای بەڕێـزم کـاك (بێـوار عەبدولڕەحان) سەرنووسـەری هەفتەنـامەی گـوڵان بـوو کە بـۆ یەکەمـین بـابەتی سـتوونەکەی مـن (فەرهەنگـی یەسـنا) لەو هەفتەنـامەیەدا نووسـیبووی. مـانگی شـوباتی ۲۰۰۳ (ڕێبەنـدانی ۲۷۰۲) مـن باسـی سـتوونێکم لەگەڵ کـاك بێـوار کـرد لە هەفتەنـامەی گوڵانـدا کە تـایبەت بێـت بە ڕاڤەکردنـی واژە کۆنەکـانی ئاڤێسـتا و فەلسـەفەی زەردەشـت، کە ئەویـش زۆری پێخـۆش بـووو پێشـوازییەکی دڵسـۆزانەی لێکـردو بڕیامانـدا کە سـتوونێك دامەزرێنـین بە یەکێـك لەم ناونیشـانگەلە: (فەرهەنگـی یەسـنا)، (ژوانـی یەسـنا) و (شـارۆ) تـا هەرجـارە و وشـەیەکی دێرینـی زمانەکەمان ڕاڤە بکەیـن و هەوڵ بـدەین بـۆ ئاشـناکردنی جیلـی ئەمڕۆمـان لەگەڵ ڕابـردووی درەوشـاوە بەڵام بزربـووی خۆیـدا. دواتـر دۆسـتان خۆیـان لەسـەر (فەرهەنگـی یەسـنا) وەك ناونیشـانی سـتوونەکەی مـن یەکـلا کردبـوویەوە و یەکەم بـابەتی ڕاڤەیـی بەناونیشـانی (ڕەتـوونیە) و لەگەڵ ئەو پێشـەکیە کورت و چڕوپڕەدا لە ژمارە (٤٢١)ی(٢٠٠٣/٢/٢٠)ی هەفتەنامەی گوڵاندا

چاپ و بڵاو کرایەوە و نووسینی ستوونەکە بە شێوەی دووهەفتە جارێك بەڵام بە پرژوبڵاوی و پچرپچڕ ( لە ژمارە ٤٢١ تا ٥٧١ی ئەو گۆڤارەدا) بەردەوام بوو.

ئەم بەرهەمە دەرەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن و مەیدانی و ئەقڵانییە لەمەڕ هەندێ لایەنی نەناسراوی زمان و هەرواش جوگرافیای سەردەمی ئەشوو زەردەشت و بەپێی توانا هەوڵمداوە ئەو هەڵە و شێوانکارییانە راست بکەمەوە کە رۆژهەڵاتناس و توێژەرە بیانییەکانی ئاڤێستا بەهۆی ناشارەزاییان لەبواری زمانی هەورامی و جوگرافیای تەواوی کوردستان و بەتایبەتیش هەورامانەوە لە توێژینەوەکانیاندا تووشی بوون، هیوادارم توانیبێتم هەنگاوێك لە ڕێی پاڵفتەکاری و روونکردنەوەی مێژووی دێرین و شێواوی نەتەوەییماندا هەڵگرم و ئەمکارەشم ببێتە بناغەیەك بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی رۆشن بەسەر مێژووی مێژینەو پرشنگدارمانەوە، ئاشکرایە کوردستان وڵاتێکی بەرین و فراوان و مێژینەیە و ئەمکارەی من نەیتوانیوە هەموو لایەنێك بگرێتەوە بۆیە لە قووڵایی ناخمەوە سوپاسی ئەو خۆشەویستانە دەکەم کە لە بواری بیرخستنەوەی وشەیەك یا ناوی شوێنێك (بەتایبەت ناوی گوند و شاخ و کانی و شوێنە دێرینەکانی کوردستانی مەزن) یا...، بۆ بەشەکانی دواتری ئەم پرۆژەیە هاوکاریم بکەن و بەهاریکاریی دڵسۆزانەی هەموو لایەکمان بتوانین ئەم کارە وەکوو پرۆژەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر و سەرتاسەری بگەیەنینە ئەنجام، پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە ئەم کارە لە ڕاستیدا دەبێتە یەکەم هەنگاوی پرۆژەیەکی بەرین و فراوان و دوورو درێژخایەن کە دەبێ پێی بڵێین (پرۆژەی تەمەن).

بژی ئەشا و سەرکەوتوو بێت ئەشەڤەنی

جەلیل عەباسی

هەولێر: ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ی زایینی

١١ی جۆزەردانی ٢٧٠٥ی کوردی

١١ی لۆکەنی ٣٧٧٤ی ئاهوورایی

## روونکردنەوەیەکی پێویست بۆ چاپی دووەم

کاتێ ئەم بەرهەمە چاپ کرا، بەندە سەرقاڵی هەندێ پرۆژەی تر بووم و نەمتوانی چاودێریی پرۆسەی چاپ و دیزاینەکەی بکەم. بەداخەوە کەموکوڕییەکی زۆر کەوتە ناو کارەکەوە:

- ❖ هەم دیزاینی تێکچوو هەم هەڵەی چاپیی زۆری تێکەوت بەتایبەتی لە دەقی نووسینی پشت بەرگداو هەم.....!!!
- ❖ لە هەندێ نوسخەدا ناوەرۆک شێواوە، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١١٢)ەوە قرتاوە تا لاپەڕە (١٢٩) و لە جیاتی بابەتەکانی ئەو چەند لاپەڕەیە بابەتی لاپەڕەکانی (٦٥) تا (٨٠) دووبارە بوونەتەوە و بەمچەشنە لە نرخ و بایەخی کتێبەکە و پەیامەکانی ناوەوەی کەم کراوەتەوە. کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرەڕای گلەیی لەو برادەرەی کارەکەی لە ئەستۆ بوو، داوای لێبوردن لە سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز بکەم.
- ❖ هەندێ شوێنناو هەبوون کە بۆ زیاترو باشتر دەرخستنیان و ئاشنایی زیاتری خوێنەر، پێویست بوو وێنەیان لەگەڵ باسەکەدا هەبێت کە ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ کەمکاریی خۆم و ئەوا لەم چاپەدا هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵەیەم داوە.
- ❖ هەندێ لە خوێنەرانی بەڕێز گلەیی ئەوەیان لێدەکردم کە گوایە سەرچاوەم دیاری نەکردووە، لێرەدا دەبێ بڵێم: یەکەم، من دیاریکردنی لاپەڕە و دێڕو سەرجەم ناونیشانەکان بۆ سەرچاوەیەک بە جۆرە پەروەردەیەکی تەمبەڵ و ناتەندروست دەزانم و نیازیشم نییە خۆیشم

پەیڕەوی بکەم، دووەم: کاتێ لە باسی ناوێک یا شوێنناوێکدا ئاماژە بە دەقێکی ئاڤێستا دەکەم، دەمەوێ خوێنەر هان بدەم بۆ بەدوادا گەڕانێکی ورد و خوێندنەوە و پشکنینی هەموو ئاڤێستا نەک تەنیا ئەو بەشەی کە ئاماژەی پێ کراوە، سێیەم: ئەم پرۆژەیەی من دەستم پێکردووە، پرۆژەیەکی نوێیە و پێشتر کاری لەسەر نەکراوە تا مرۆڤ بتوانێ کۆمەڵێک سەرچاوەی بۆ ریز بکات، سەرەکیترین سەرچاوەی من کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا و بەدواداگەڕانە مەیدانییەکانی خۆم بووە و لە بەشی (شارۆ)یشدا ئاماژەم بەوە کردووە کە مرۆڤ هەندێجار ناچارە و هەر دەبێت پشت بە بەڵگەی ئەقڵانی و نیشانە سرووشتییەکان ببەستێت و زانیارییەکانی خۆی بکاتە سەرچاوە بۆ بەرەو پێشبردنی هەندێ کاری نوێ و ناوازەی وەک ئەم پرۆژەیەی بەردەستی ئێوە.

❖ دیارە لە چاپی دووەمیشدا پەیڕەوی هەمان لۆژیک دەکەم و هیواداریشم بەمکارەم وا لە خوێنەری کورد بکەم کە ورد و قووڵ بەدوای سەرچاوەکاندا بگەڕێت و خۆی بسپێرێتە خوێندنەوەیەکی قووڵ و گشتگیری ئاڤێستا، تا هەم شارەزای سەرچاوەکانی ئەم بەرهەمە بێت و هەم زیاتر ئاشنا ببێتەوە لەگەڵ مێژووی شاراوەی خۆی و نیشتیمانە کەوناراکەیدا.

لەگەڵ رێز و سوپاس و ستایشمدا بۆ خوێنەری وردبین و دڵسۆز

جەلیل عەباسی

## شارۆ



شارۆ وشەیەکی هەرە کۆنی هەورامانە بە واتای بە دوادا گەڕان و دۆزینەوە. ئەمڕۆ بۆ دۆزینەوەی گویز بەکار دێت کە پاش تەکاندن و چنینەوە دانە و دوان لەژێر گەڵاو بن بەرد و سووچ و قوژبنەکاندا بزر دەبن و خاوەن گویز بۆیان ناگەڕێت، دواتر منداڵان دەچنە ناو باخ و ئەو گوێزە بزربووانە شارۆ دەکەن واتە ورد ورد بۆیان دەگەڕێن و دەیاندۆزنەوە. ڕاستە سەرەتای سەقامگیری و دارچاندن و باخداری و...... لای ئێمەی کورد سەری هەڵداوە و کورد پێشەنگ و بناغە داڕێژی ژیانی هەرەوەزیی ئینسانی و شارستانیەتی گەلانە و (دارگوێز)یش یەکێکە لە کۆنترین و بنەڕەتیترین درەختە بەردارەکانی مێژووی مێژینەی باخداریە، بەڵام وشەکە لەوەش دێرینترە و بۆ مەبەستی تر بەکارهێنراوە. من بە تەعبیرێکی ئەمڕۆ دەڵێم کە بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکانی ژیان و لایەنە شاردراوەکانی هزری مرۆڤ و واتا نهێنیەکانی فەلسەفەی (بوون) بە کارهاتووە، واتە شارۆی حەقیقەت، شارۆی هزر و ئەندێشەی ڕووناکی مرۆڤ. ئەم وشەیە

سەرەڕای دێرینەیی، هێشتاش هەر زیندووە و ئەمڕۆش دەتوانین بۆ مەبەستی دیکە بەکاری بهێنین:

ئێمەی کورد مێژوویەکی کۆن و پڕ هەورازو نشێومان هەیە کە زۆر لایەنی تێدا شاردراوەتەوە و لێمان بزر بووە. لایەنی ئەوتۆ کە ئەگەر بیاندۆزینەوە لەوانەیە زۆرشتمان لە مێژووی فەرامۆشکراوی خۆمان بۆ دەربکەوێت و کاری ناسینەوەی خۆمان وەکوو نەتەوەیەکی دێرین و پێشەنگی شارستانیەت ئاسانتر بکاتەوە.

بەمپێیە دەتوانین وشەی شارۆ بەکاربێنین بۆ بەدوادا گەڕان و دۆزینەوەی کاکڵەی قسە نەستەقەکانی پێشینان، ئەو چەمکانەی کە دەتوانن تیشکێك بخەنە سەر خەرمانی بەپیتی دێرینی مێژووی کورد یاخود ئەو تەعبیرو دەستەواژانە کە دەبنە فاکتەری پێشکەتوویی و پێشەنگیی هزرو ئەندێشەی کورد لە بوارە جیاجیاکاندا. دەتوانین شارۆی ئەو چەمکە هەرە کۆن و شاردراوانە بکەین کە ئاستی بەرزی زانست و وشیاریی کورد پیشاندەدەن لە بواری ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و پزیشکی و سەربازی و زمانەوانی و ...... تاد. کەوابوو وەرن با پێکەوە لاپەڕەیەکی نویٚ لەمەڕ مێژووی کۆن و نەناسراوی خۆمان هەڵدەینەوە، با سیمبۆڵە ساکار بەڵام پڕ ناوەڕۆکە دێرینەکانمان بدۆزینەوە و بە دیدێکی نویٚو شیکاریەکی سەردەمیانە بیانخوێنینەوە. دڵنیام شارۆی چەمك و تەعبیرو وشە و دەستەواژە کۆنەکانمان دەبێتە مەشخەڵێك و ڕێگای پڕ پێچ و پەنای ناسینی ڕاستەقینەی مێژووی کوردو تواناکانی کوردمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە. بۆیە لەم ژمارەیەوە مەشخەڵی ڕووناکیبەخشی شارۆ هەڵدەکەین و هەرجارەو قوژبنێکی تەریك ماوی زمانی دەوڵەمەند و زیندووی کورد دەپشکنین، بەو نیازەی کە ئەم کارەمان لە ئەنجامدا هەم ببێتە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمان و هەم ڕێبەرێك بۆ ئاشناکردنی ئەو جیلە نوێیەی کە زۆر شتی خۆی لیٚ بزر کراوە و بەداخەوە زۆر لە خودی خۆی و بنەما و رابردووی گەل و وڵاتەکەی دابڕاوە و نامۆ بۆتەوە.

## رەتونیە



رەتونیە وشـەیەکە لە ئاڤێسـتادا بە واتـای (پەیڕەوو شـوێنکەتووی (رەد، ڕەتـوو) هـاتووە، (رەد، ڕەتـوو) واتە مرۆڤـی چـاك و دینـدارو خزمەتکـاری چـالاکی ئـایینی راسـتی و پـاکی (مەزد یەسـنا). وشـەکە دواتـر بـووەتە (بەهـدین) واتە ئەو کەسـەی کە پەیڕەوی دینـی چاکە و هەروا‌ش بە واتـای جەماوەری شـوێنکەوتووی دیـــن (امـــت) هـــاتووە. (بەهـــدینی)یش بە واتـــای ئەو لەهـــجەیە دێـــت کە زەردەشتیەکان قسەی پێدەکەن.

هەنـدێ‌جـار بەهـۆی نەبـوونی بەڵـگەی زینـدووی مێژوویـی و زانسـتی بـۆ

دەرخستنی زانیاریەك ناچارین پەنا بەرینە بەر ئاسەوارو شوێنەواری دێرین (دێرینەناسی) و زۆرجاریش بەناچاری دەبێ پشت بە بەڵگەی ئەقڵانی ببەستین و بڕۆینە خانەی ئەزموون و تاقیکاری و بۆچوون و هەڵسەنگاندن (اجتهاد و استشهاد)ەوە. بەمپێیە گەر لە ناوی بادینان ورد بینەوە و لە بواری زمانەوانیەوە تاوتوێی بکەین دەبینین هەمان واتای ناو ئاڤێستا دەگرێتەوە، واتە ناوچە و شوێنی ژیانی بەهدینەکان. بۆ لەهجەکەش من پێموایە باشترە هەرهەمان (بادینی) بەکار بەرین تا (کرمانجی ژوورو) چونکە بنەماو مێژینەیەکی کۆنترو ڕەسەنتری هەیە. واتە باشترو ڕاستتر وایە بڵێین (بادینان) کەمەبەست لە شوێنگەی شوێنکەوتووان و خاوەنانی دینی چاکە و هەروەها بڵێین (بادینی) کە مەبەست لەهجەی تایبەتی ئەو جەماوەرەیە کە خاوەنی دینی چاکن. ئاشکرایە ئەگەر لەبواری زمانەوانی و بەتایبەتی (موفرەدات)ی زمانیشەوە بڕوانینە مەسەلەکە دەبینین زۆر وشەمان هەن کە بە تایبەتی لە دەڤەرەکانی بادینان و هەورامانداهێشتا نەگۆڕاون و هەر بەهەمان شێوازو واتای ئاڤێستا لەناویاندا بەکار دێن و دەگوترێنەوە، با پشتوێنی سێ گرێ و تایبەت (کوشتی/ کەشیە) بووەستێ کە هێشتاش بێ کەموکوڕی و بێ هیچ ئاڵوگۆڕێك هەروەك یاسا بنەڕەتیەکەی خۆی لە ئاڤێستادا لە پشتمانی دەبەستین. ئەمەو زۆر لایەنی دیکەی سروشتی و جوگرافی و ئاسەوارو شوێنەواری دێرینەی دەڤەری بادینان و چۆنیەتی جووڵانەوە و هەڵسوکەوتی جەماوەری ئەو دەڤەرە لەگەڵ گیانلەبەران و جەژنی نەورۆزو پاراستنی ژینگە و... تاد، ئەوە دەسەلمێنن کە (بەهدینان)ی ئاڤێستا هەمان (بادینان)ی ئەمڕۆی کوردستانە و هەروەها لەهجەی (بەهدینی)ی ئاڤێستاو هی (بادینی)ی ئێستای کورد هەر لەیەك بنەماو سەرچاوەن و بەبێ هیچ جیاوازی یا تەنانەت هیچ گۆڕانکاریەکی بەرچاویش هەر یەکن و هەر وەکوو خۆیان ماونەتەوە.

## ساوکەنت / زەرنومەنت



شاری مەریوان زۆرتر بە (زریٚوار)ەوە ناسراوەو زۆرتریش بەوەوە جوانە. سەربردەی جۆربەجۆری ئەفسانەیی لەمەڕ زریٚوار لە ڕیوایەتە خۆماڵییەکاندا زۆرن. لە گۆشەیەکی ئەم گۆلە جوانەدا گوندیٚکی خنجیلانە هەیە کە پیٚی دەڵیٚن (ساوجی)، ئەم گوندە پاڵی بە کیٚویٚکەوە داوە کە پڕیەتی لە شویٚنەواری کۆن و دیٚرینە. لە بەدوادا گەڕانەکانی پیٚشوومدا سێ وشەی (ساوکەنت و زەرنومەنت و زەریە) لە ئاڤیٚستادا سەرنجیان ڕاکیٚشام و نزیکیان خستمەوە لە میٚژینەی گوندی ساوجی و گۆلی زریٚباری مەریوان. زریٚوار خۆی لە دوو وشە پیٚکهاتووە: (زرێ ــ زەریە) واتە دەریا + (وار) پاشگری وەسف و لیٚکچواندن، سەرجەم واتە (وەك دەریا ــ شیٚوە دەریا). لە ئاڤیٚستاشدا (زەریە)مان هەیە بە واتای دەریا و هەروا

(زەرنومەنت) کە بە واتای هێزو جێی زێڕ دێت و ناوی دەریاچەیەکە کە هێشتاش بۆ ئاڤێستاناسەکان نەدۆزراوەتەوە! هەروەها (ساوکەنت، سائوکەنتە)ش ناوی کێویێکە کە لە ئاڤێستادا لەگەڵ زەرنومەنتدا پێکەوە هاتووە و ستایش کراوە. ساوکەنت بەواتای شوێنی ئاگرو ڕۆشنایی هاتووە و دەڵێن لەوانەیە ئاتەشگە بوو بێت. من خۆم بەسەر لوتکەی ئەو کێوەی (ساوجی)یەوە پاشماوەی ئاتەشگەیەك و لە داوێنەکەشیدا شوێنەواری (کوورەی ئاسن)م دۆزیوەتەوە و پێشتر لەسەرم نووسیوە. گەر لە ناوە مەجازیەکانی ئەو دوو شوێنە چاوپۆشی بکەین و نزیکایەتی و پێکەوە لکاوییان بخەینە بەر سەرنج و پاشان (ساوکەنت و زەرنومەنت)ی ئاڤێستاش لێك بدەینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ساوجی هەمان ساوکەنت و زرێواریش هەمان زەرنومەنتی ئاڤێستایە چونکە:

یەکەم، ئەمانیش پێکەوە لە ئاڤێستادا هاتوون و لەیەك شوێندان هەروەك چۆن هەمیشە (ساوجی و زرێبار) پێکەوە دێن.

دووەم، وەك گوتم ساوجی پاڵی بە کێوێکەوە داوە کە دەڕوانێتە سەر زرێوار.

سێیەم، ساوجی پاشماوەی ئاتەشگەیەکی تێدا دۆزراوەتەوە و هەموو ئەمانەش ڕاستیی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنن. کەواتە ساوجی و زرێواری ئێستای مەریوان هەمان ئەو دوو شوێنە پیرۆزەی سەردەمی زەردەشت، واتە هەمان (ساوکەنت و زەرنومەنت)ی ناو ئاڤێستان کە ستایش کراون و ڕێزیان لێگیراوە، (دواتر بە جیاواز باسی زرێبار دەکرێت).

## یەمە / جەمەك



یەمە نـاوی ئاڤێسـتایی (جەمشـید)ی شـای پیشـدادیە کە لە سانسـکریتدا هەمان یەمە و لە پالەویدا (یەمەك/جەم/جەمەك)ی پێدەگوترێت. جەمشید بوو کە بۆ یەکەمجار ئامێر و کەلوپەلی شەڕی داهێنا و هەرواش نەورۆزی دیاری کرد و لەهەمان ڕۆژی نەورۆزیشدا بووکە بە (جەمشید) ناسرا. ئەویش بەهۆی ئەو تیشکەی هەتاوەوە کە کەوتبووە سەر تاجەکەی و دەبریسکایەوە، بۆیە وشەی (شەید)ی پالەویی بۆ زیاد کرا کە بەواتای تیشك و تیرۆژ دێت. یەمە، واتا پاشا و سوڵتانی مەزن و (جەمشید)یش لەدوو بەش پێکهاتووە: (جەم، جەمە واتە پاشای مەزن + شەید واتە ڕووناکی، تیشك) و سەرجەم بەواتای (پاشای مەزنی ڕۆشن، هەتاوڕوو، جوان و ڕووناك) دێت. زۆرجار جەمشید و سلێمان پێغەمبەر تێکەڵ کراون ئەویش بە هۆی وێکچوونیان لە زۆر بواردا وەك: هەبوونی نگین (ئەنگوستیلە)یەکی تایبەت، دەسەڵاتیان بەسەر سەرجەم گیانلەبەراندا، قسەکردن لەگەڵ باڵندە و دڕندە و... و ڕۆیشتن بە هەوادا بە هۆی قاڵیچەیەکی تایبەتەوە. سەرجەم ژیانی ئوستوورەیی جەمشید جێی سەرنج و تێڕامانە بەڵام بەلای منەوە گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین لایەنی ژیانی جەمشید هەمان داستانی (تۆفان)ە کە ئێمە بە ناونیشانی تۆفانی نوح بیستوومانە. هەموومان لە

ڕێگەی قورئان و دیکەی سەرچاوە ئیسلامیەکانەوە ئاشنای تۆفانی نووح بووین و دەزانین چۆن پەروەردگار ئەمری بە نووح کرد کە لە هەر زیندەوەرێك نێرومێیەك جیا بکاتەوە و کەشتییەك دروست بکات و... تاد.

لە (فەرگەرد)ی ٢ی بەشی ٢٨ی (ڤەندیداد)دا هاتووە: " ئاهوورا مەزدا جەمشیدی لە وەیشوومە و بەڵایەك ئاگادار کردەوە کە ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، {لێرەدا جیاوازییەك هەیە: لە ئاڤێستادا ئەم بەڵایە دەدرێتە پاڵ دێوی (مەهرکوشا) کە هەمان دێوی مردن و نەمانە، مەزدا نیگەرانی وێرانبوون و زیان پێکەوتنی جیهانە، بەڵام لە قورئاندا تۆفانەکە دەدرێتە پاڵ خودی پەروەردگار بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەو سزادانی مرۆڤ!!}. پاشان ئاهوورا مەزدا جەمشید هوشیار دەکاتەوە کە بەهۆی ئەو بەڵایەوە زەرەرو زیانێکی گەورەو گران بەر جیهان و گێتی دەکەوێت و یەکسەر وێران دەبێت، ئەنجا ڕێنوێنیی دەکات کە چۆن ژیان و زیندەگی ڕزگار بکات و پێی دەڵێت: باخ (وەرجەمکەرد)ێك بنیات بنێ با دیوارو شورە و دەرگاکەی پتەو بن و پاشان لە هەرکام لە داهێنراو (مەخلوقات)ی چاکی یەزدان وەك مرۆڤ و باڵندە و ئاژەڵی بەسوودو ئەوەی بۆ ژیان پێویستە وەك گیا و ئاگرو دانەوێڵە و دارو درەخت و تۆوی ڕووەك و... دوو جووت کۆ بکەوەو بیان بەرە ناو باخەکە و لەوێ بیانپارێزە تا وەیشوومەکە دوایی دێت، پاشان دەرگای باخەکەت واڵا بکە و جارێکی دیکە جیهان ئاوەدان بکەرەوەو ژیان و زیندەگی بگەڕێنەوە ناو گێتی و..." !

وەك دەرکەوت تۆفانی نووح هەمان وەیشوومەی (مەهرکوشا)ی لای جەمشیدە، ناوەڕۆك و فەلسەفەو پەیامی هەردوو کارەکە هەر یەکە و تەنیا چەند دەسکارییەکی لاوەکی هەست پێدەکرێت وەك ئەوەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، یا باخ لەلای جەمشید و کەشتی لە لای نووح کە ئەمەش پێموایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی هەردوو کەسایەتیەکە (کە ئاشکرایە سەردەمی جەمشید گەلێ پێش سەردەمی نووح بووە) و هەرواش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی جیهانبینی لای سامییەکان. بەهەرحاڵ وێکچوونەکە ئینکار ناکرێت و زۆریش جێی سەرنج و تێڕامانە (لەبەشەکانی دواتردا باسی شوێنی تۆفانەکە دەکەین)!.

## هەنجەمەنە



هەجمەنە و هەزار خانی دوو گوندی خنجیلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە دەکەونە ناوچەی مەریوان و سەر بە شارۆچکەی (سەوڵاوا)ن و کەوتوونەتە نێوان قەڵاجێ و سەوڵاوای دەڤەری مەریوان. هەجمەنە گوندێکی کۆنی کوردستانە و هەرواش ناوێکی دێرینەی ئاڤێستاییە. لە ئاڤێستادا وشەی (هەنجەمەنە)مان هەیە کە بە واتای ئەنجومەن دێت، واتە شوێنی کۆبوونەوە و دانیشتنی کۆمەڵە کەسێك، شوێنی ڕاوێژ کردن و پرس و ڕای جەماوەری. وشەکە دوایی بۆتە ئەنجومەنە و دواتریش کورت کراوەتەوە و بۆتە ئەنجومەن. گەر لە شوێنی هەجمەنە ورد بینەوە دەبینین کەوتووەتە نێوان قەڵاجێ (دەروازەی هەورامان) و سەوڵاوا، یا باشتر بڵێم بووەتە ناوەند و کاروانسەرایەك لە نێوان چەمی (شامیان) و چەمی (ڕەزاو)دا واتە هەردووبەش لە هاتوچۆیاندا هەر بە هەجمەنەدا تێپەڕیون و لەوێش یەکیان گرتووەتەوە. کەواتە هەجمەنە جێی کۆڕو کۆبوونەوە و

پێکگەیشتنی کاروانی هەردوو چەمی شامیان و ڕەزاو بووە، خۆ ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەکەش لە زمانی فارسیدا، ڕاستی مەسەلەکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئێستاش لە فارسیدا بە گوندی هەجمنە دەڵێن (ئەنجومەنە). کەوابوو گوندی (هەجمنە)ی لای مەریوان هەمان (هەنجەمەنە)ی ئاڤێستاییە و شوێنی کۆڕو کۆبوونەوە و بە تەعبیری ئەمڕۆش (ئەنجومەنی ڕاوێژکاری) بووە. ئەمەش وامان لێدەکات کە بڕوامان پتەوتر بێت بەوەی کە کوردستان وڵاتێکی مێژینەیە و هەرواش شارستانیەتێکی دێرینتری لە دیکەی گەل و وڵاتانی جیهان هەبووە و پێویستە ئاوڕی لێ بدەینەوە و بە دوایدا بڕۆین بۆ دۆزینەوەی بەڵگە و فاکتەری زۆرتر و زیندووتر لەسەر مێژینەی شارستانیەتی کوردی.

# نوك ڕوج



نـوك ڕوج وشـەیەكی پـالەوی یـاخود باشـترە بڵـێم (كـوردیی كـۆن)ە و لە دووبەش پێكهـاتووە: (نـوك) واتە نویێ و (ڕوج)یـش واتە ڕۆژ، سـەرجەم وشـەكەش بە واتـای (ڕۆژی نـویێ) دێـت، ڕۆژی نـویێ هەمـان نەورۆزی دێـرینە كە جەژنێكـی ڕەسـەن و مێـژینەی نەتەوەی كـوردە. جەژنێكـی ڕەسـەنی كـورد كە لای هەمـوو گەلانـی جیهـان ڕێـز و بـایەخ و پیرۆزیـی تـایبەتی هەیە. ئەوەی كە نەورۆزی كـردۆتە بۆنەیەكی پیرۆز لای دیكەی گەلانی جیهان ئەوەیە كە:

❖ نەورۆز سـەرەتای دەسـپێكردنی ڕۆژی نـوێی سـاڵی تـازە و دەسـپێكی بـووژانەوەی سروشـت و جەژنـی گژوگیـا و گۆڕانكـاریی نـاو دیـكەی گیانلەبەرەكانە.

- نەورۆز جەژنی دۆزینەوەی (نگین)ەکەی سلێمان پێغەمبەرە.
- نەورۆز ڕۆژی نیشتنەوەی کەشتییەکەی (نووح)ە ئەویش لەسەر کێوی پیرۆزی (گوتی) نەك بە ناوە تەعریب کراوەکەی واتە (جودی)!
- نەورۆز ڕۆژی لەدایکبوونی (کەیومەرز)ە وەك یەکەمین بنیادەم.
- نەورۆز ڕۆژی بڵێسەسەندنی ئاگرە پیرۆزەکانی هەرسێ پێغەمبەری دێرین (نووح و ئیبراهیم و زەردەشت)ە کە قسەوباسی زۆر لەمەڕ یەکبوونیان لە ئارادایە.
- خەلیفەی موسڵمان (متەوەکل)ی عەباسی وەرگرتنی باج و خەراجی لەساڵی کۆچییەوە گواستەوە بۆ نەورۆز ئەویش لەبەر هۆکارە زانستیەکەی سەقامگیریی نەورۆز و... تاد.

ئەوەش کە نەورۆز بەتایبەتی لای کورد دەکاتە جەژن و بۆنەیەکی پیرۆزی کوردی ئەوەیە کە:

- وشەکەش و بۆنەکەش لە بنەڕەتدا لە لایەن کوردەوە داهێنراوە.
- زەردەشتی پێغەمبەر لە نەورۆزدا لەدایك بووە.
- هۆشەنگی نەوەی کەیوومەرزی کەیانی لە نەورۆزدا ئاگری دۆزییەوە.
- جەمشید شای پیشدادی یەکەم کەس بوو کە پەی بە سووڕانەوەی ٣٦٥ ڕۆژیی هەتاو برد و یەکەمین ڕۆژ و ساتی دەسپێکی دووەمین سووڕی بەدەوری زەویدا دۆزییەوە و ڕۆژەکەی دیاری کرد و وەك جەژن ڕای گەیاند، (دیاریشە کە هەم پیشدادیان و هەم کەیانیەکان و هەم ساسانیەکانیش بە کورد دەزانرێن و حکوومەتەکانیان مۆرك و جێپەنجەی گەلی کوردی پێوە دیارە).
- کیاکسار لە ڕۆژی نەورۆزدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشووریەکان هێنا و حکوومەتی مادی دامەزراند.
- کاوەی ئاسنگەر لە ڕۆژی نەورۆزدا ڕاپەڕی و ئەژدیهاکی لەنێو برد و حکوومەتی دایەوە دەستی فەرەیدوونی کورد نەژاد.

بەپێی هەموو ئەو بەڵگانە و چەندانی تریش نەورۆز بەشێکە لە کلتووری ڕەسەن و دێرینی کورد و سەرەڕای هەموو ئەمانەش بۆتە سیمبولی شۆڕش و سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی گەلی کورد، هەموو ئەو کوردانەی کە لە دەستی زوحاك هەڵدەهاتن و ڕوویان لە شاخەکان دەکرد بەرەبەرە یەکیان گرت و خۆیان ئامادەو تەیار کرد و بەرنامە و پلانی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانەیان داڕشت و تەنانەت (بە پێچەوانەی بۆچوونی چەواشەی هەندێ نەیار) چوار چێوەی تەواوی بەڕێوەبردنی وڵات پاش سەرکەوتنی شۆڕشیان دیاری کرد و ئەنجا لە ڕۆژی نەورۆزی پیرۆزدا بە سەرکردایەتیی کاوەی ئاسنگەر مەشخەڵی ئازادی و ئاڵای کەیانییان بەرزکردەوە و ڕاپەڕین و ئەو دوژمنە بە هێزو ستەمکارەیان تێك شکاند.

کورد لە جەژنی نەورۆزدا مەشخەڵی ئاگر بەرز دەکاتەوە و پیرۆزی ڕادەگرێت ئەویش بەپێی ئەو فەلسەفە هەرە زیندووەیە کە ئاگر هۆی ڕووناکییە و ڕووناکییش واتە ئاوەدانی و زانیاری، واتە مەرگ و نەمانی زوڵم و تاریکی و بنەبڕکردنی نەزانی و وێرانکاری، ئاگر هۆی خاوێن و پاککردنەوە و نەهێشتنی هەرچەشنە چەپەڵییەکە و شەمشەمەکوێرەکانی دڵی ئەهریمەن دەتارێنێ.

بەڵێ، نوك ڕوج یا نەورۆز هی کوردە و هەرواش سیمبول و ڕەمزی پێشکەوتوویی و پێشەنگیی نەتەوەی کوردە لەهەموو بوارە ستراتیژیەکاندا. کەوابوو پیرەمێردی نەمر هەقیەتی وەك هەناسەی هەموو کورد هەناسە هەڵبڕێت و حەسەن زیرەکی گیان شادیش هەقیەتی پڕ بە گەرووی هەر هەموو کورد بچریکێنێ:

"ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە"

# ئەسپەرێز



ئەسپەرێز گوندێکی هەورامانە و هەروەك دیکەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە مێژوویەکی مێژینەی هەیە، ئەم گوندە لە داوێنی کێوی شاهۆ و کۆسالان و زنجیرە چیای زاگرۆس، دەکەوێتە ناو نیمچە دەشتاییەك و هەر ئەم هەڵکەوتەیەش لە پاڵ دیکەی گوندە سەخت و سەرکەشەکانی هەوراماندا جێی سەرنج و تێڕامانە و ئەم گوندەش لەوانی دیکە لە بواری هەڵکەوتەی جوگرافییەوە جیا دەکاتەوە. خودی وشەکە پیشاندەری ئەوەیە کە ئەم گوندە زۆر کۆن و مێژینەیە. لە ئاڤێستادا چەند ناوێکمان هەیە وەك: ئەسپەروچ، ئەسپەروز یا ئەسپەریس کە لێرەدا ئاماژەیەکیان پێدەکەین:

یەکەم، ئەسپەروچ بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس کە دەڵێن ( کێوێکە لە ورمێوە تا پارس کێشراوە)، بەپێی (بوندەهێش) بە کێوی زاگرۆس گوتراوە یا بە واتایەکی دیکە زاگرۆس ناوێکە کە یۆنانییەکان لە کێوی (ئەسپەروز)یان ناوە.

دووەم، ئەسپەریس واتە گۆڕەپانی ئەسپ سواری و هەرواش پێوەرێکی پێوانەییە بۆ ئەندازە گرتنی ڕووبەرێك کە هێندەی گۆڕەپانێکی ئەسپ سواری بەرین بێت.

ئاهورامەزدا لە (فەرگەرد)ی دووەمی بڕگەی ٢٥ی (ڤەندیداد)دا ئەمر دەکات کە: (شوێنێك بۆ جەماوەرو بۆ ئاژەڵەکانیشیان دابین بکرێت کە هەرکامەیان بە ڕێژەی = ئەسپەریس = درێژو بەرین بن) بەمپێیە بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەردوو شوێنەکە (هەم ئەسپەروز— زاگرۆس —و هەم ئەسپەریس) هەمان (ئەسپەرێز)ی ئێستای هەورامانە چونکە وەك گوترا ئەسپەرێز هەم لە داوێنی زاگرۆسدایە و هەم کەوتووەتە نیمچە دەشتاییەك لەناو ئەو شاخە سەرکەشانەی هەورامانداد. پاشان ئەمری ئاهورامەزداش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەسپەرێز سەرەڕای مێژینەییەکەی، شوێنێکی پیرۆزە و پڕیەتی لە شوێنەوارو یادگاری هەرە دێرینی ئاهورایی.

## یەزێشنە





یەسنا بەشێکی گرنگە لە ئاڤێستا کە دەبێتە ٧٢ هات، واتە (بەش) کە دوای گاتاکان بە ڕەسەنترین یادگاری زەردەشتی پێغەمبەر دەزانرێت، ئەڵبەت یەسنا خودی گاتاکانیشی لەخۆ گرتووە. (یەسنە، یەسنا، یەز، یەسن، یەشت، یەزەت، یەزێشنە) بە واتای ستایش و پەرستش دێت، (پەسن و یەزن)ی لای خۆشمان

هەر بەهەمان واتایە و ئەو چەند وشەیە هەر لە یەك ڕیشەن، هەروەها وشەی (جەژن)ی کوردی و (جشن)ی فارسی و ( یاسین )ی عەرەبیش هەر لەو وشەیە وەرگیراون و هەمان واتاش دەگەیەنن. ئەڵبەت دەبێ بڵێم کە کۆنترین و بناغەییترینی ئەو چەند وشەیە لەڕاستیدا (یەزێشنە)یە کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ئەوانی دیکەی لێ دروست بوون، دیارە (ئیزەد) و (یەزدان)یش هەر لە هەمان وشە وەرگیراون، یەزدان هەمان (یەزن)ە کە پاشگری (ان)ی خراوەتە پاڵ و واتایەکی تەواوتری پێ بەخشیوە کە ئەویش (شایستەی ستایش و پەسن)ە. وشەی یەزن کورتکراوەی هەمان یەزێشنەیە کە ئێستاش لە کەلەپووری هونەری کوردیدا هەر ماوە و بەجوانی پارێزراوە و ئەوە دەسەلمێنێ کە جوگرافیای سەرهەڵدانی وشەکە هەمان مەڵبەندی سەرهەڵدانی زەردەشت و ئایینی مەزدیەسنایە، دیارە ئەو جوگرافیایەش جگە لە هەورامانی دێرین هیچ کوێی دیکە نییە. ئێستاش لە هەوراماندا گۆرانییەکمان بەو ناونیشانە و هەر بەو دەق و ناوەڕۆکەش هەیە، گۆرانیی (یەزن یەزن)ی هەورامان فاکتەرێکی زیندووە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە بنەمای وشەکە بە واتا و فەلسەفەکەشیەوە لای کورد سەری هەڵداوە. ئەم گۆرانییە ڕەسەنە ئێستاش بە دەنگی گەرم و چەپڵەڕێزانی بەجۆشی گۆرانیبێژەکانی هەورامان دەگوترێتەوە و باس لە ڕازو نیازو پەسن و ستایشی یەزدان دەکات:

"ئای یەزن یەزن یەزن
سنگی تۆ باخچە ڕەزن"
...تاد.

## كش و مات



**" وەڵات كشومات پەپوو مەوانا          تۆم تەرس و بیم وە دڵ مەشانا"**

زۆرجـــار ئەم تەعبیـــرە مێژینەیەمـــان لە باپیرانمـــان بیســـتووە كە لە پێشینانمانەوە زاربەزارو سنگ بە سنگ پێیان گەیشتووە. بەتایبەتی هەركاتێ باسی چۆڵەوانی كرابێت یاخود پرسیاری شوێنێك كرابێت لەوەڵامدا گوتراوە: دنیا (كش و مات)ە، واتە چۆڵ و هۆڵە و هیچكەسی لێ نیە، ئارام و بێدەنگە و ورتەی لێوە نایەت. ئەم زاراوەیەش ئەوە دەردەخات كە شەترەنج هی ئێمەی كوردە و ئێمە دامان هێناوە، چونكە (كش و مات) سووك كراوەی هەمان (كیش و مات)ە لە شەترەنجدا ئەویش كاتێك كە مەلیكی شەترەنج كیش كرابێت و یاری تەواو بووبێت. دیارە بە كیش بوونی مەلیك و تەواو بوونی یاری، مەرگ و بێدەنگیەك گۆڕەپانی شەترەنج دادەگرێت و بەڕاستی ئەو جیهانە ئاڵۆزو پڕ هەراوهوریا و هەرە زیندووە چۆڵ و بێدەنگ و (كش و مات) دەبێت. شەترەنج یارییەكی ئاڵۆزو پڕ ڕەمزو ڕازە و سیمبولێكە بۆ بیرتیژی و زانستی ئەستێرەناسی و فەلەكناسی و ڕیازیات، هەروەها ڕەمزێكە بۆ جیهانی (بوون) و مانەوەی هەتایی و پێویستی هەرە حەیاتیی چالاكی و هەوڵ و تێكۆشانی بێوچان بە پلان و فكرو بەرنامەیەكی درێژخایەن و زانستی و ستراتیژیەوە. (ئەدمۆند بۆردۆزكلێی) لەبەرگی سێیەمی كتێبە (٦) بەرگیەكەیدا دەڵێت: (زەردەشت یاری شەترەنجی داهێنا، ئەڵبەت نەك بۆ یاری ـ بەڵكوو وەك بناغەیەك بۆ ناسینی گێتی و كەون و نەزم و بنەمای

بوون و سەرجەم بڕستەكانی سروشت و هەروەها زانست و فەلسەفە١). شا گشتاسپ (ویشتاسپ)ی شای كەیانی (كە زەردەشتی پێغەمبەر لە سێهەمین ساڵی پاشایەتی ئەودا سەری هەڵدا)، لە ژیان بێزارو ماندوو ببوو چونكە هیچ كارێكی بۆ نەمابۆوە و گەیشتبووە هەرهەموو خواست و ئاواتەكانی، نەبوونی كارو چالاكی و بیانوویەك بۆ جموجوڵ و رابواردنی ژیان بە شێوەیەكی زیندووتر، ببووە هۆی دڵساردی و نائومێدی و بێزاریی شا ویستاسپ. زەردەشت بەمەبەستی ئەوەی كەلەو بێزاریە ڕزگاری بكات و هیوای ژیان لە دڵیدا زیندوو بكاتەوە و ڕێنوێنیی بكات بۆ جیهانی زیندوێتی و فەلسەفەی زیندەگی و هەروەها پێی بڵێت كە ژیان تاهەتایە پڕە لە چالاكی و هەڵسوكەوت و مرۆڤ هەردەبێ چالاكانە هەوڵی بۆ بدات ......، شەترەنجی داهێناو یاسای یاریەكەی داڕشت و پێشكەشی كرد. یاسایەك كە دەیسەلماند ئەم گۆی زەویە گۆڕەپانی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەیە، شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەیەكی هەمیشەیی و تاهەتایی لەنێوان چاكەو خراپەدا، مرۆڤێكی ڕاستەقینەش دەبێ بە هەموو توانایەوەو تا گوڕی تێدا بمێنێ لەو گۆڕەپانەدا بێت و بەشداریی ئەو شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەیە بكات دەنا لەم گۆی زەویەدا جێگایەكی نیە و دیارە نائومێدی و نەبوونی چالاكی واتای مەرگ دەدات و مەرگیش هەمان كەوتنە داوی ئەهریمەنە. بەمجۆرەش زەردەشت بەوردی یاساكانی ژیان و نەزمی گێتی و رەمزی (بوون)ی بە پاشا ناساند و ئەوی لەو نائومێدی و بێزاریە مەرگهێنەرە ڕزگار كرد. یاسای زەردەشت لە یاریی شەترەنجدا تەفسیرێكی فەلسەفیە لە جیهان و كەون و بوون كە تائێستاش هیچكەسێكی دیكە نەیتوانیوە پەی پێ بەرێت و بیری لێبكاتەوە. دیارە پێشینانی ئێمەی كوردیش بەو یاساو فەلسەفەیە ئاشنا بوون، لەسەری ڕاهاتوون و كاتێ چەمكی (كش و مات) بۆ چۆڵەوانیەك بە كاردێنن، مەبەستیان ئەوەیە كە ڕەمزو نیشانەی بوون و ژیانی تێدا نەماوە و چۆتە ئامێزی ڕەشی مەرگ و خامۆشی و فەرامۆشیەوە، هەربەو واتایەش دەستیان داوەتە یاریی شەترەنج و هەر بەپێی ئەو فەلسەفەیەش لەژیانیاندا هەمیشە چالاك و بەگوڕو تین و بەرهەمهێن و داهێنەر بوون. جێی خۆیەتی كە ئێمەی كورد ئاوڕ لەو فەلسەفە مەزنە بدەینەوە و جارێكی دیكەش خۆمانی لەسەرڕابهێنینەوە.

## ئەئیوی یانگهەن / کۆستی



ئەئیوی یانگهەن وشەیەکی ئاڤێستاییە و بە پارچەیەك دەگوترێ کە دەبەسترێتە ناو قەدی مرۆڤ (کەمەر)، ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا (پشتوێن) و لە هەورامانیشدا (بیبین) کورتکراوەی (میم بین)ی پێدەڵێن. لە ئاڤێستادا پشتوێنێکی دیکەمان هەیە و پێی دەڵێین (کوستی، کوشتی). وەك دەزانین ئەمڕۆ لە کوردستاندا حاجیەکان پشتوێنێکی زەرد دەبەستن کە پێی دەڵێن (کەشیە)، هەرواش لە (هەجیج)ی دەڤەری هەورامانـدا پارچەیەکی تایبەت هەیە دەکرێتە پشتوێن و بەویش دەڵێن (کەشیە). کەلەهەمان وشەی (کوستی و کوشتی) وەرگیراوە و ئاڵوگۆڕێکی کەمی لەبواری دەربڕیندا بەسەرداهاتووە.

کوستی پارچەیەکە کەدەبێ بە دەستی (بەهدینا) بدووریێت و پێك دێت لە (٧٢) تاڵە بەن لە (٦) خانەداو هەرخانەیەکیش دەبێتە (١٢) تاڵ کە هەرکامە واتای خۆیان هەیە: (٧٢) تاڵ سیمبولی (٧٢) بەشی یەسنا (گرنگترین بەشی ئاڤێستا)، (٦) خانە بەنیشانەی (٦) گاهەنبار (جەژن و بۆنەی پیرۆزی زەردەشتی) و (١٢) تاڵە بەن بە ڕەمزی (١٢) مانگی ساڵ. کوستی (٣) قەف بەدەوری ناوقەددا دێتەوە کە پیشاندەری سێ بنەمای فەلسەفەی زەردەشتی (کرداری چاك، ئەندێشەی چاك، زمانی چاك)ە. هەموو ئەو تایبەتمەندیانە ئێستاش لە (کەشیەی هەجیجی)دا پارێزراون. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئێستاش لەناو پیاوە پیرو بەتەمەنەکانمان و بە تایبەتی لە دەڤەرەکانی هەورامان و بارزان و بادیناندا هەمان پشتوێنی سێ قەف دەبینین کە سێ گرێی لە پێشەوە لێدراوە. ئەم سێ گرێیە هەمان ڕەمزن بۆ:

- ❖ ئاهورا مەزدا خواوەندو دۆستی تاقانە و خۆشەویستە.
- ❖ دینی مەزد یەسنا بە هەق و پیرۆزە.
- ❖ ئەشوو زەردەشت پێغەمبەری ڕاستگۆو نێردراوی ئاهورامەزدایە.

بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەی کورد جگە لەوەی کە داهێنەری (ئەئیوی یانگهەن / پشتوێن)ین کە بۆ خۆی چەندین لایەنی پزیشکی و تەندروستیی لێدەبێتەوە، هێشتاش (کوستی و کەشیە) و فەلسەفە پیرۆزەکەیمان پاراستووە و هەموو بەیانیەك بەسێ قەف و سێ گرێی پشتوێنەکەمان پەیمانی خۆمان نوێ دەکەینەوە کە:

- ❖ پەیمانبێ چاك بیر بکەینەوە.
- ❖ پەیمانبێ قسەی چاك بکەین.
- ❖ پەیمان بێت کردەوەمان چاك بێت.

ئەو سێ خاڵەش بنەمای ژیان و جیهانێکی پیرۆزی ئینسانین و پیشاندەری ڕەسەنایەتی و جوامێری و گەشەی هەستی مرۆڤدۆستی و ژیان پارێزیی مێژینەی ئێمەی کوردن و دەبنە هۆی ژیان بەپاکی و سەربەرزی و خزمەتی زۆرتر بە مرۆڤایەتی.

## ئارمەیتی



ئـارمەیتی وشـەیەکی ئاڤێسـتاییە کە بە (ئـارمەئەیتی) دەنوسـرێت، لە دووبەش پێکهـاتووە: ئـار = راسـت ــ دروسـت + مەتـی، مەئیتـی = بیـردۆزی، تێفکـرین. سـەرجەم بەواتـای پـاکی و خۆشەویسـتی و تەوازع و هەرواش بەواتـای سەبرو تامڵ و سازگاری دێت. دەکەوێتە بەرامبەر وشەی (تەرمەئەیتی) کە واتای خۆسەری و لاساری و دەمار بەرزی و شەڕاشۆیی دەدات.

لە گاتاکاندا (ئارمەیتی) جارجار بە تەنیا دێت و یەکێکە لە نیشانەکانی ئاهورا مەزدا، لە بەشـەکانی دیـکەی ئاڤێسـتادا بە شـێوەی (سـپەنتە ئـارمەیتی ــ سـپەنتارمەت ــ سـپەندارمەز) هـاتووە کە سـەرجەم واتـای (ئـاوەزی تەواو) دەگەیەنێت. ئەم نیشانەیەی ئاهورا لە جیهانی مادیدا سیمبولی خۆشەویستی و فیـداکاریە و لە جیهـانی مەعنەویشـدا پـارێزەری زەوی و پـاکی و بەرهەم و سەرسەوزیە و هەرواش لە گاتاکاندا بە واتای (پەروەردەکاری گیانداران) هاتووە. کاتێ دەڵێین زەردەشت کوردەو لەناو کورددا سەری هەڵداوە، دیارە داکۆکیش

دەکەینە سەر ئەو ڕاستیەی کە زمانەکەشی زمانی دێرینی کوردە و فەلسەفە گەشە ئینسانیەکەشی هەر لە هزری کورد سەرچاوەی گرتووە. باپیرانمان و بەتایبەتی ئەو فەیلەسوف و مامۆستا مەزنەی مێژووی مرۆڤایەتی (زەردەشت) وەك ڕەمزو نوێنەری هەموو کورد پشتیان بە پیرۆزترین هەقیقەتی ئینسانی بەستووە واتە خۆشەویستی. (ئارمەیتی) چەکێکی فەلسەفی و ئەخلاقیی کورد بووە بۆ بووژاندنەوەی گێتی و سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاوەدانی و تەبایی و پێشکەوتن. ئەم وشەیە فاکتەرێکی زیندووە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە کە ئێمەی کورد (خۆشەویستی)مان کردۆتە دایکی زەوی و ڕاهێنەری سەرجەم بوونەوەران و پارێزەری پاکی و چاکەخوازی و هاندەری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان. واتە کورد یەکەمین دۆزەرەوە و پەیڕەوی خۆشەویستیە، جێگایەك بۆ ڕق و کینە لەو دڵە گەورەیەیدا نیە، ڕێزی لە بەرامبەر گرتووە و خۆشەویستیی بە پیرۆزی ڕاگرتووە و کردوویەتە سەرچاوەیەکی بزوێنەرو هاندەر بۆ بەشداریی پراکتیك و چالاکانەی سەرجەم مرۆڤ لە ئاوەدانکردنەوەی جیهان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... تاد.

مرۆڤی کورد ڕاهاتووە و دیترانیشی ڕاهێناون کە هەموو نەخۆشی و ناکۆکیەك بە خۆشەویستی چارەسەر دەکرێت، جیهان بە خۆشەویستی بەرێوەدەبرێت و گەشە دەکات، مەزنایەتی و سەرکەوتنی پیرۆز هەر لە خۆشەویستیدایە و ژیان و سەرجەم (بوون) لە خۆشەویستیەوە سەرچاوە دەگرێت و بۆ پاراستنیشی دەبێ پشت بە خۆشەویستی ببەسترێت.

(ئارمەیتی) ڕەمزی هزری قووڵ و دەوڵەمەندیی زمان و ڕۆشنبیری و توانای ڕاهێنان و ڕێبەرایەتی کورد و نیشانەی پێشکەوتن و پێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردییە لە چاخەکانی پێش مێژوودا. بۆیە شایستەیە پرسیارێکی بنەڕەتی ئاراستەی ناخی خۆمان بکەین:

**"ئەو هەموو پێشکەوتن و پێشەنگایەتیەمان تووشی چ نەخۆشییەك هاتووە و سەرەنجاممان بەم دابڕانەمانەوە بە کوێ دەگات"؟!**

# سنجان




یسنای ۴۷ نخستین «گات»
ANDANTE
نُت
SPENTĀ MAINYU VAHISHTĀCĀ MANANHĀ
نُت
HACH ASHĀT SHYAOTHANĀCĀ VACANHĀCĀ
نُت
DAN MAŪR VĀTĀ AHER ETĀ TĀ MAZDĀ
نُت
ĀRMA ITI AHU RĒ

سنجانه و سنجانه گۆرانییەکی کۆنی تایبەتی چەپڵە و هەڵپەڕکێی دەڤەری دێرینی هەورامانە و بەم سەربەندە دەست پێدەکات:

"سنجانه و سنجانه سنجانەکەم لۆلۆ

کاتێ مناڵ بیم {من} قەولم دا بە تۆ"

سنجان شارۆچکەیەکی بچووك بووە (گوایە) لە (گەجەرات)ی هیندستاندا کە هەندێك لەو زەردەشتییانەی کە لە سەروبەری هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران و لە ترسی زەبرو زەنگ و کوشت و بڕی ئەوان هەڵاتن و پەنایان بۆ بردووە. باسی هەڵاتنی زەردەشتییەکان و ڕۆیشتنیان بۆ سنجان و چۆنیەتی جووڵانەوەی (ڕاجە)ی ئەو کاتی گەجەرات لەگەڵیاندا، لەلایەن (بەهمەن کەیقوباد)ی شاعیری زەردەشتی بە شیعرو هەر بە شێوازو کێش و سەرواى شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی هۆنراوەتەوە و باس لەوە دەکات کە چۆن زەردەشتییەکان بۆ پاراستنی دین و ئایین و کلتووری ڕەسەنی خۆیان لە مەترسیی هێرشی دوژمن کۆچیان کردو بەمجۆرە سۆزو ئەمەکناسیی خۆیان بەرامبەر بە ئایین و فەلسەفە پیرۆزەکەیان پیشاندا و هەرواش خۆشەویستی و پێزانینی خۆیان پێشکەشی ڕاجە و دیکەی جەماوەری گەجەرات و سنجان کرد کە پەنایان دان و وەریان گرتن و بەهانایانەوە هاتن. هەر ئەم وێکچوون و یەکبوونە مەنتقییەی داستانی سنجان و ناوەڕۆکی گۆرانییەکەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ‌کە گۆرانی سنجانه و سنجانه هەمان ئەو سروودی کۆچڕەوەی باپیرانمانە، سەرەڕای ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین ئەو کۆچبەرانە کورد بوون بۆیە هێشتاش شینگێڕی و لاواندنەوەی کۆچڕەوەکەیان لەناو کەلەپووری کوردیدا ماوەتەوە، خۆ ئەگەر ئەوانیش غەیرە کوردو سەر بە پارسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوونایە ئەوا پێویستی نەدەکرد کە ئەو داستانە بەمجۆرە لە کەلەپووری هونەریی ئێمەی کورددا ڕەنگ بداتەوە و ئاواش بپارێزرێت.

## دزاوەر (دەئێزە ئەورە)



دزاوەر ناوی گوندێکی جوان و خنجیلانەی کوردستانە کە دەکەوێتە دەڤەری هەورامانی لهۆن (لەڕۆژهەڵاتی کوردستان). ئەم گوندە جوانەش بە چیای سەرکەش و دارستانی چڕو هەوارگەی جوان و سەرچاوە و کانیاوی هەرە زوڵاڵ ڕازاوەتەوە. یەکێکە لە گوندە هەرە دێرینەکانی کوردستان و چەندین ئاسەوارو شوێنەواری مێژینەی لێیە کە ئەگەر لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر بکرێت زۆر لایەنی شاراوەی مێژووی دێرینی کورد ڕوون دەکەنەوە. (من لێرەدا تەنیا ناوی گوندەکەم مەبەستە). دزاوەر وشەیەکی لێکدراوی سواوە کە پێکهاتووە لە دوو وشەی واتاداری (دەئێزە) و (ئەورە). (دەئێزە) لە ئاڤێستادا بە شوێنێك دەوترێت کەبە بەردو خاك بەرز کرابێتەوە، دواتر بۆتە دێز، دیز، دژ بە واتای قەڵا و شوورای بەرز (ئەورە)ش بەشوێنێکی پڕ ئاو دەوترێت. بەمپێیەش (دئێزە ئەورە) واتە ئەو شوێنە سەختەی کە بە بەردو گڵ بنیات نراوە و ئاوی زۆریشی لێیە. وشەکە دواتر سواوە و لە دەربڕیندا کراوەتە (دزاوەر) کە وەکوو گوتمان گوندێکی سەخت و شاخاوییە بە چەندین باخ و دارستانی چڕو کانیاوی روون و پڕ ئاو ڕازاوەتەوە.

## وەنەن / وەنەنت



پردی (وەنەن) یەکێکە لە دەستکردە ڕەنگینەکانی کورد و ئاسەوارە سەیر و سەمەرە و سەرسوڕهێنەرەکانی کوردستان لە گوندی (هەجیج)ی هەورامانی لهۆندا. پردێک کە لە شێوێکی هەرە بەرزو بەسەر دوو شاخی سەرکەشدا بە (دارمێو) چنراوە و وەکوو قەیتان هۆنراوەتەوە و دوو شاخەکەی پێکەوە گرێداون و بەسەر شیوە قووڵ و مایە هەزار بەهەزارەکەدا تێدەپەڕێت.

پردێک لە داری باریکی مێو کە وەکوو زنجیر لێک ئاڵاوە و ئەوپەڕی دەسترەنگینی و توانای داهێنانی کورد پیشاندەدات، ئەویش لەسەردەمی دێریندا کە مرۆڤ بیری بەلای تەکنەلۆژیا و کەرەستەی پێشکەوتوودا نەچووە! پردی وەنەن لە ئاڤێستادا (وەنەنت / وەنەند)ە و هەم لە یەشتەکان و هەم لە (مینوخرەد)یشدا بەڕێزەوە باسی لێکراوە و تەنانەت (یەشت)ێك لە یەشتەکانی

ئاڤێستا تایبەتە بەو کە بە (وەنەنت یەشت) ناسراوە.

لە (مینوخرەد)دا کاتێ باسی وەنەن دەکات دەڵێ: "وەنەن بۆ پاراستن و پارێزگاری لە (گوزەر) واتە ڕێگای ئەلبورز دانراوە و هەرچواردەوری کە جێی هەتاوو مانگ و ئەستێرەکانە هەمیشە لە جوڵەدایە و پێش بە جادووگەرو دێوەکان دەگرێت کە ڕێبازی ئەستێرەکان نەشێوێنن". شیاوی گوتنە کە پردی وەنەن تەنها بەمبەرو بەوبەری هەردوو شاخەبەرزەکەوە بەستراوەتەوە و هەمیشە لە جوڵە و هەلەکەدایە، سەبارەت بە ناوەکەش ئەوا (وەنەنت) بە پێی ڕۆژگار ساوەو کورت کراوەتەوە بۆ (وەنەن)، دانیشتوانی (هەجیج)یش وەك سەخت کۆش و زەحمەت کێشترین مرۆڤ، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و لەهەموو بوارەکاندا لە دانیشتوانی ناوچەکانی دیکە جیاوازن و کەلەپووری ڕەسەن و تایبەتی خۆیان پاراستووە و تا ئەم دواییانەش تێکەڵاوی دیترانیان نەدەکرد و تەنانەت نەژنیان لە غەیری خۆیان دەخواست و نە ژنیان بە غەیری خۆیان دەدا کە ئەم ڕێسایەش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو تایبەتمەندیەی وەنەن کە هەمان پاراستنی ڕێگای ئەلبورزە لە مەترسی دێو و جادووگەرەکان کە ئەمەش لە واتا گشتیەکەیدا دەکرێ پیشاندەری پاراستنی ئەو ژیان و ژیارە پاك و پیرۆزو ڕەسەنە بێت و دووری گرتن بێت لە کەلەپووری چەوت و ناڕەسەنی ئەهریمەنی و بیرو ئەندێشە و کرداری نا زەردەشتی.

## ئاوەدانی




ئایینی پیرۆزی زەردەشت یەکەمین و تاقانە ئایینێکە کە ئاوەدانی و ژیانی بەختەوەرانەی مرۆڤی کردۆتە سەرەکیترین ڕێسا و هەروەش بنەمای سەرجەم ڕاهێنانەکانی لەسەر یەك خاڵ دەوەستێت کە ئەویش هەمان ئاوەدانکردنەوەی جیهان و بووژاندنەوەی زەوی و دابینکردنی بەختیاری و ئاسایشە بۆ مرۆڤ. زەردەشت بەپێچەوانەی ئەوانی پاش خۆی جووڵاوەتەوە، واتە وەك پەیامبەرێکی ترس و دەسەڵات خۆی نەنواندووە و جەماوەری نەترساندووە و هەڕەشەی لێنەکردوون و ژیانی ئەم جیهانەی لێ حەرام نەکردوون، ئەو نالێ: ئەی مرۆڤ هەمیشە بگری و هەست بە شەرمەزاری و تاوان و خۆ بەکەم بینین بکە دەنا ئاگر و ئاسنی سوور کراوە و... چاوەڕوانتە!!! بەڵکوو زەردەشت وەکوو مامۆستا و فەیلەسووفێکی ئەخلاق و کەرامەتی ئینسانی، مرۆڤ ڕادێنێ لەسەر ژیانێکی

ئاسووده و تەژی لە خۆشەویستی و بەختەوەری، ئەو دەڵێ مرۆڤی پێگەیشتوو ئەوەیە کە هەمیشە شادمان و بەگوڕ بێت و ناخی پڕبکات لە شادی و خۆشەویستی و هەوڵی بێوچان بدات بۆ ئاوەدانکردنەوەو بەرەوپێشبردنی جیهان. بەهەرحاڵ مرۆڤ لای زەردەشت دۆست و هاوکاری یەزدانە بۆ گەشەپێدانی ژیان وئاوەدانکردنەوەی جیهان، درەوشاوەترین خاڵی ڕاهێنانەکانی ئاڤێستاش هەمان گرینگیدانە بە ئاوەدانی و هەوڵ و چالاکیی بەردەوام بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی جوان و شیاوو ژیانێکی بەختیار. نموونەیەك بەسە بۆ پیشاندانی ئەو ڕاستیە کە پێشینانی ئێمە بە پەیڕەوی لەو ڕێسا پیرۆزە چ ژیانێکی بەختەوەرانە و چ دنیایەکی ئارام و ئاوەدانیان بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان دابینکردووە:

دەڵێن پاش ئەوەی لەشکری عەرەب کوردستانی داگیر کرد، میرزادەیەکی کوردیان بە دیلی بردە لای عومەری کوڕی خەتاب، عومەر پێی گوت ئازارت نادەین و چیت دەوێ داوام لێبکە تا پێتببەخشم! میرزادەی دیل لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەی عومەر، ئێمە میللەتێکی زەحمەتکێشین کە پێمان دەڵێن وەرزێر، منیش کوڕی ئەو جەماوەرە وەرزێرەم و هەربۆیەش گوندێکی وێرانم دەوێ بمدەیتێ تا خۆمی پێوە خەریك بکەم و ئاوەدانی بکەمەوە"، عومەر ئەمری کرد گوندێکی وێرانی بدەنێ بەڵام هەرچی گەڕان لە سەرتاسەری وڵاتدا (کوردستان) گوندێکی وایان نەدۆزییەوە. پاشان میرزادەی کوردی دیلکراو ڕووی لە عومەر کرد و گوتی: "ئەی عومەر، مەبەستی من ئەوە بوو کە ئێوە تێبگەن و بزانن لە وڵاتی ئێمەدا شوێنێکی وێران نابینرێت و وڵاتمان ئاوەدان و گەشەسەندووە، مڵکداری و وڵات بەڕێوەبردن کاری هەموو کەسێك نییە و سەرۆکی وڵاتێك دەبێ وەکوو هەتاو بدرۆشێتەوە و ڕووناکی ببەخشێتە گەل و وڵاتەکەی و هەرکارێك بداتە دەستی شارەزاو پسپۆڕی تایبەتی خۆی، وڵات نەك بە خوێن و شمشێر بەڵکوو بە ئەقڵ و مێشك و ئەندێشە و خۆشەویستی بەڕێوە دەچێت"!!

# گەئۆ یا گاو؟



زۆرجار لە شەرح و شیکردنەوە جۆربەجۆرەکانی ئاڤێستادا وشەی (گاو) دەبینین کە بە واتای (گا، مانگا) وەرگیراوە، وەك (تۆوی گا، ڕۆحی گا، گای پیرۆز) و...هتد، هەر بۆیەش لە زۆر شوێندا بۆ زەردەشت لەجیاتی ڕێبەر یا پێشەوا ئاماژە بە (شوان) کراوە! ئێستاش دەبینین لە زمانی فارسیدا (گوسفند) هەیە کە واتای (مەڕ) دەدات بەڵام لە ڕاستیدا کورتکراوەی (گەئۆ سپەنتە / گاو ئسپەند)ە کە ئەویش واتای (گیانی پیرۆز) دەدات. کێشەکە لەوەدایە کە زمانەوان و ئاڤێستاناسە بیانییەکان بە تەواوەتی لە زمانی ئاڤێستا (دین دەبیرە) تێنەگەیشتوون و ئەو زمانەیان نەناسیوە و لە ئەنجامدا تووشی دەیان و سەدان هەڵەی زەقی ئاوەها هاتوون و دیارە سەریشیان لە زۆر لێکۆڵەری دوای خۆیشیان شێواندووە و بە لاڕێیاندا بردوون!

ئەگەر بە تەواوەتی زمانی ئاڤێستا بناسین و فریوی هەندێ لێکچوون و وێکچواندنی نازانستیانە نەخۆین، ئەوا دەبینین کە لە سەرتاسەری ئاڤێستادا وشەیەکمان بەو ناوەو بەو مەبەستە نییە (واتە وشەی گاو بە واتای ئاژەڵ) واتە وشەکە (گەو،گاو،گا) نییە بەڵکوو (گەئۆ)یە بەواتای (گیان، ژیان، زیندەگی، خیلقەت). کاتێ دەڵێ (ڕۆحی گەئۆ) مەبەستی لە ڕۆحی خیلقەتە واتە ژیان، یاخود کاتێ دەڵێ (تۆوی گەئۆ) مەبەستی سیمبول و نیشانەی ژیان و بوونە. دەبینین (گەئێتی، گەئێتە، گەئۆتە) بەواتای هەمان (گێتی، جیهان) دێت کە مەبەستی شوێن و مەڵبەندی ژیانە. سەبارەت بە (گوسفند)یش کە بە هەڵە واتای (گای پیرۆز)ی دەدەنە پاڵ، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا (گەئۆ سپەنتە)یە، گەئۆ واتە گیان، ژیان و سپەنتە واتە پیرۆز، سەرجەم وشەکەش واتە گیان یاخود گیانداری پیرۆز. ئەم وشەیە دواتر سواوەو کورت کراوەتەوەو بۆتە (گۆسپەند ـ گوسپەند) و ئێستاش (گوسفند)ە لە زمانی فارسیدا کە لە زمانی کوردیدا دەبێتە مەڕ. دیارە لای زەردەشت گیانلەبەرە سوودمەندەکان پیرۆز بوون ئەویش لەبەر ئەوەی کەرەستەیەك بوون بۆ خزمەتی مرۆڤ و گەشەو پێشکەوتنی زۆرترو باشتری ژیانی مرۆڤ، بۆیەش پێیان گوتراوە (گیانداری پیرۆز).

## میرووتمان / گەرووتمان



(میرووتمـان) قەڵایەکـی بەرزو دێـرینەیە لەسـەر بەرزاییەکـی ڕووبەڕووی گونـدی خنجیلەی (کەیمـنە) سـەر بەهەورامـانی لهۆن (ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان) بنیات نراوە. ئەم قەڵایە بە جۆرێك و لە شوێنێکی ستراتیژیی وادا هەڵکەتووە کە بە هەرچوار دەوریدا ئاسۆیەکی بەرینی بۆ دیتن هەیە و دەکرێ ناوچەیەکی بەرین لەوێوە چاودێری و کۆنترۆڵ بکرێت،

لەهەمـان حاڵـدا شـوێنێکی جـوانی هەیە کە دەکـرێ وەکـوو هەوارگە و

سەیرانگایەکی دڵڕفێن کەڵکی لێوەربگیرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەواوی گوندو هەرچوار دەورەکەی دەخاتە ژێر چاودێرییەکی هەمە لایەنەوە. گەرچی بەم دوایانە هەوڵ دراوە بۆ کەمکردنەوەی بایەخی مێژوویی و هەرواش بە جۆرێك بە عەرەباندنی ناوەکەی، ئەویش بە بەکاربردنی ئەو فێڵەی کە گوایە ناوی قەڵایەکە (میروەسمان)ە و لەسەردەمی (سەفەوی)یەکاندا بنیات نراوە؟!! بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیەکە قەڵاو شوێنەوارێکی هەرە دێرینەی کوردە و ناوەکەی نەك ئەوەی ئەمڕۆ بەڵکوو هەمان (گەروتمان)ی ئاڤێستاییە. گەرووتمان یا بەواتایەکی دیکە (گەروزمان) لە ئاڤێستادا بۆ (عەرشی ئەعلا) بەکار دێت، واتە جێگای پیرۆزی ئاهوورا مەزداو هەرواش بەشوێنی تایبەتی نزاو پاڕانەوە (ماڵی نوێژو نزا) واتە شوێنێکی بەرزو پیرۆزو ڕازاوە کە مۆبدەکان تیایدا نوێژو پاڕانەوەیان بۆ ئاهوورا مەزدا ئەنجام دابێت، شوێنێکی بەرزو ڕازاوە بە وێنەی بەهەشت کە جێی سەرهەڵدان و پڕژانی تیشکی نورو ڕووناکیی یەزدانە و بەهۆیەوە گێتی و ژیارو مرۆڤ دەپارێزرێن.

شایانی باسە قەڵای میرووتمان بەسەر بەرزترین شوێنی ئەو بەرزاییەوە و هەر بەبەردی تەنیا (وشکە کەڵەك) دروست کراوە و بەشێکی زۆری تا ئێستاش ماوەتەوە و پارێزراوە و لای خەڵکی ناوچەکە پیرۆزە.

## هەرات / هەرابێرێزەئیتی



هەرات کێـوێکە لە هەورامـانی لهـۆن کەدەکەوێـتە نێـوان گونـدی دزاوەرو نەوسـوود، دەڕوانێ بەسـەر هەموو ئەو نـاوچە بەرینەداو ڕێگـایەکی کورتیشـە بـۆ هـاتوچۆی نێوان نەوسـوودو دزاوەر. لە بەشـێکی هەراتـدا شـوێنەوارێکی مێژوویـی مـاوەتەوە کە گـوایە هەوارگە بـووە بەڵام لەڕاسـتیدا دەبـێ بڵـێم شـوێنەواری ئاواییەکی دێرینی کوردستانە کە هێشتاش ماوەتەوە.

ئەم وشـــــەیە (هەرات) لە ئاڤێســـــتادا بە دوو جـــــۆر نـــــاوی هـــــاتووە: (هەرابێرێزەئیتـی) و (هەرات) (هەراتـیش / هەرابێرێزەئیتـی) واتە (کێـوی هەرا) کەلە پالەویدا بۆتە هەربرزو لە فارسیدا ئەلبورز. (برز) هەمان (بەرز)ی ئێستای کـوردییە. لە (زامیـاد یەشـت)دا هـاتووە کە کێـوی (هەرا) سـەرجەم دەڤەرەکـانی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەلات دەگـرێتەوە و بە یەکەمین و پیرۆزتـرین کێو دەژمێردرێـت. بـۆ (هەرات)یـش لە فەرگەردی یەکەمی ڤەندیـدادا دەبینـین یەکـێکە لەو (١٦) وڵاتە پیـرۆزەی ئـاهوورا. لە کـۆپلەی (١٨)ی فەرگەردی یەکەمی ڤەندیـددا سـەبارەت بە هەرات دەڵێـت: {شەشـەمین سـەرزەوی کە مـن ـ ئـاهوورا مەزدا ـ بەپاکی دروسـتم کرد (هەرات)ە کە دواتر ئەهریمەن تاوانی شیوەن و گریانی خستە ناویەوە} دەڵێن گەر کەسـێك لە (هەرات)دا مردبـا دانیشـتوانەکەی دەسـتیان دەکـردە شـیوەن و گریـان و شـارەکەیان بەجێدەهێشـت کە ئەمەش پـێچەوانەی یاسـا و ڕێسـای ئـاهوورایی بـووە و لە ئاکامیشـدا بـۆتە هـۆی چۆڵبـوونی ئەو شـارە. مـن پێمـوایە کە دەبێ دزاوەر پاش چۆڵبوونی هەرات دروست بووبێت و هەمان دانیشتوانی هەرات بووبن کە یەکەمجار (دزاوەر) یان بنیات نابێت. لە کۆپلەی (٥٠)ی (مهریەشـت)دا هـاتووە: {بارەگـای میهـر ـ میتـرا ـ لەسـەر لـووتکەی کێوی هەراتدایە کە نەشـەوی هەیە و نەتاریکی، نە گەرما و نە سـەرما و نە تەمومژی هەیە و هەرواش لە خراپی و ناپاکی بەدوورە و لەوێشەوە هەتاو سەرجەم مەڵبەندە ئارییەکان دەبوژێنێتەوە}.

# وەرز / وەرزێر



وەرزێر وشەیەکی ناسراوە بۆ هەموو لایەك و تەعبیرێکی پیرۆزیشە بۆ پێناسەی زەحمەتکێشترین و تەنانەت شەریفترین توێژی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەگەر بە ئینسافەوە بدوێین دەبێ بڵێین بناغەی ئەم ژیانەی ئێمە لەسەر ئەرکی قورس و گرانی فەلا و وەرزێرەکانمان دامەزراوە و داری ژیانمان بە ئارەقەی نێوچەوانی ئەوان ئاودێری کراوە. کورد وەك بەشێك لە مرۆڤایەتی، پێش هەموو بەشەکانی دیکە ئەقڵی بەسەر ژیاندا شکاوە و دەستی داوەتە کاروکۆشش بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و گەشەپێدانی نیشتمان و کۆمەڵگەکەی و بناغەی ژیانی شارستانییی دامەزراندووە.

ئەو وشەیەی سەرەوەش زیندووترین فاکتەرە بۆ سەلماندنی ڕاستیی بۆچوونەکەمان. وەرزێر کە لە هەورامانـدا (وەرزیەر)ی پێدەگوترێت وشەیەکی کۆن و مێژینەی لێکدراوە کە دەربڕی توانای کارو تەقەلاو داهێنانی دانیشتوانی مێژینەی ئەم خاك و وڵاتە پیرۆزەیە. وشەکە لە بنەڕەتدا (وەرز+ یار)ە و بۆ پێناسەی ئەو کەسە دێت کە توانای کاری کشتوکاڵیی هەیە و خەریکی فەلاحەت و وەرزێرییە. وەرز وشەیەکی پەهلەوییە بەواتای کشتوکاڵ و لە ئاڤێستاشدا دەبێتە (وەرێز) بەواتای کارکردن لە زەوی زاردا. وشەکە دواتر پاشگری (یار)ی بۆ زیاد کراوە و بۆتە وەرزیار واتە ئەو کەسەی کاری وەرزو فەلاحەت و کشتوکاڵ دەکات، دواتریش سوانی بەسەردا هاتووە و کورت کراوەتەوە و بۆتە (وەرزێر — وەرزیەر) و بە هۆیەوە پێناسەی ئەو توێژەی جەماوەر دەکرێت کە خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی زەوی زارن.

# ئاران ڤەژ / ئەئیریەنە ڤەئێچە




ڤەئێچە، ڤەچ، ڤاچ، ڤاژ، ڤەژ، باژ و...تد، چەند وشەیەکی ئاڤێستایین کە لە یەك ڕیشەو بنەما پێکهاتوون و یەك واتاشیان هەیە کە ئەویش (قسە، وشە، بڵێ، گوتن)ە، ئەم وشەیە ئێستاش لە زمانی کوردیدا ماوە و هەر بەهەمان واتا بەکار دەبرێت:...

هەورامان: ڤاچە، واچە، ڤاچ، واچ.

سۆرانی: بێژە، ئێژێ، وشە، وێژە، واژە.

کەوابوو ڤەئێچەی ئاڤێستایی هەمان وشەی ڕەسەنی کوردیی (وێژە، ڤاژە)یە.

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا لەگەڵ وشەیەکی دیکەش دێت وەك: ئەئیریەنە ڤەئێچە، ئاران ڤەژ، ئاریان ڤەچ، ئیران ڤیچ. کە جگە لە وشەی (ڤەئێچە، ڤەژ، ڤەچ،

ڤیچ) سەرجەم وشە یەکەمەکان واتە (ئەئیریەنە، ئاران، ئاریان و ئیران) ئاماژەن بە هۆزی ئاری و بەمەبەستی پێناسەی ئەو هۆزە ئارییانە بەکار هاتوون کە لە وڵاتی خۆیان واتە (ئێرانی دێرین)دا ژیاون.

دیارە کە دەڵێین (ئێران) مەبەست (ئێرانی کۆن)ە نەك ئەو سنوورە جوگرافیایەی ئەمڕۆ، ئێرانی کۆنیش بەشێکە لە (ئوورامەن، ئاهوورامان) و ئەو (ئیران ڤیچ)ـەیش کە ئاڤێستاناسەکان دەڵێن ((بۆمان نەدۆزراوەتەوە)) هەمان هەورامانی ئەمڕۆیە کە دەبێتە ناوەندی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئایینی ئاهوورایی. بە تایبەتی گەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە وشەی (ئاریان) ئێستاش ناوی گوندێکە لە هەوراماندا و بۆمان ماوەتەوە. (لەسەر وشەی ئێران لە بەشێکی دیکەدا باسی دەکەین)

بەهەرحاڵ ئاریان ڤەژ یا ئەئیریەنە ڤەئێچە واتە ئەو زمانەی کە ئارییەکان قسەی پێدەکەن یاخود واتە زمان و شێوە ئاخافتنی ئەو هۆزە ئارییانەی کە لە ئێراندا دەژین، وەك گوتمان زمانەکەش هی کوردە و مۆرکی هەورامانی دێرینی پێوەیە.

## وشتر؟!!!





نەشارەزایی بیانیەکان لە بنەماکانی زمانی ئاڤێستا و ڕێنووسی دێرینی دین دەبیرە و هەرواش نەشارەزاییان لە شوێنگەی جوگرافی و مەڵبەندی ژیانی ئەشوو زەردەشت بۆتە هۆکارێك بۆ بەهەڵەدا چوون لە لێکدانەوەو واتاکردنەوەکاندا، بەتایبەتی سەبارەت بە ناوی شوێن و کەس و کەرەستە و...تاد. ئەم بە هەڵەداچوونە تەنانەت ناوی خودی زەردەشتی پێغەمبەریشی گرتۆتەوەو ناوی ئەویش شێوێندراوە! بۆ ناوی زەردەشت بەهەڵە (زەرەت ئوشترا/ زەرتوشترە) بەکار هێنراوە و هەر بەهەمان هەڵەییش بە (خاوەنی وشتری زۆر)

لێکدراوەتەوە! ئەم ناوەو لێکدانەوەکەشی هێندە بێبنەما و ناتەواوو نازانستییە کە پێویست بەهیچ ئاماژە پێدانێك ناکات و هەر لەڕێوە و سەرلەبەریشی ڕەت دەکرێتەوە، چوونکە زەردەشت بە گەورەیی ناوی لێنەنراوە تا حوشتری بوویێت و پێیانەوە ناوبانگ دەربکات، (ئەمەیان بۆ مالك ئەشتەر لواوە بەڵام بۆ زەردەشتی کورد نا!) پاشان ئێمە دەڵێین و سەلماندوومانە کە زەردەشت کوردە و لە کوردستان (هەورامان)دا سەری هەڵداوە و ئەدەبیاتی ئایین و فەلسەفەکەشی هەر بەزمانی کوردی و بەپێی هزرو ئەندێشەی کوردی ڕاگەیەندراوە و بڵاو بۆتەوە. کەواتە یەکەم، هیچ ناوێکی بێواتای بێبنەما لەو فەلسەفە زیندووەدا بەسەر هیچ شتێك و هیچ کەسێکدا ناسەپێنرێت چوونکە لەو فەلسەفە کوردیەدا هەر ناوێك دەبێ هەڵگری واتاو پەیامێکی لەبارو شیاو بێت (کورد هۆشمەند و بەئاگا بووە و وەکوو عەرەب نەبووە کە ئەگەر منداڵی بووبێ چووبێتە دەرەوەو چیی دیتبێت هەمان ناوی لە منداڵەکەی نابێت، ئیدی ئەو ناوە گەر واتای (مار میلۆق، پشیلە یا بۆگەن)یشی دابێت لای ئەو گرنگ نەبووە!). دووەم، کوردستان بەگشتی و هەورامان بەتایبەتی جێی حوشتر نییە وەك چۆن جێی خورما نییە، بەڵکوو جێی ئاسك و کەڵەکێوی و کەو و...هـ وەك چۆن جێی هەنارو گوێز و...هـ، کەواتە ناوەکە و لێکدانەوەکەشی هەڵەیەکی زەقە کە پیشاندەری نەشارەزایی و زمان نەناسیی ئەو بیانیانەیە کە کاریان لەسەر ئاڤێستا کردووە. ناوی ئەشوو زەردەشت (زەرەنت ئاسترا)یە کە پێکهاتووە لە دوو وشەی ڕەسەنی کوردی: زەرەنت واتە زەرد و ئاسترا واتە ئەستێرە، سەرجەم ناوەکەش واتە (ئەستێرەی ورشەدارو ڕووناك) هەم وشەکان و هەم ناوەکەش دواتر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و سووکتر کراون: زەرەنت بۆتە زەرەت، زەرەد، زەرد و ئاسترا بۆتە ئەستارە، هەستارە، هەسارە، ئەستێرە و ناوەکەش سەرجەم کورت کراوەتەوەو بۆتە (زەردەشت) کە وەك گوتم بەواتای ئەستێرەی رووناك دێت، لێرەدا زەرد بە واتای ڕووناك، ورشەدار وەرگیراوە وەك: خۆری زەرد/ هەتاوی زەرد واتە خۆری ڕووناك، گڵۆپی زەرد واتە گڵۆپی ڕووناك، ئەستێرەی زەرد واتە ئەستێرەی ڕووناك.

## ئێران (ئایران)/ ئیرەوان



لە باسێکی پێشووتردا لەباسی (ئاران ڤەژ)دا ئاماژەیەکمان بەناوی (ئێران) داو گوتمان کە بەواتای مەڵبەندی ژیانی هۆزە ئارییەکان هاتووە و دەشگەڕێتەوە سەر وشەی ئوورامەن/ ئاهوورامان و...، ئێستا با بزانین وشەکە چیە و ئەم ناوە (ئێران) لە چییەوە هاتووە و چ واتایەك دەگەیەنێت؟:... وشەی ئێران کورت کراوەی وشەی (ئایران)ە کە وشەیەکی ڕەسەنی هەورامییە و پێکهاتووە لە (ئایر) بە واتای ئاگرو پاشگری (ان) کە واتای شوێن دەگەیەنێت، کەوابوو ئایران واتە شوێنی ئاگر (شوێنی ئاگرەکان).

لەم پەیوەنــدیەدا دەبــێ بڵــێم کە لەســەردەمی زەردشــتدا هەر لــووتکەو چیایەکی بەرزی وڵات ئـاگرو ئاتەشـگەیەکی تێـدا بـووە کە ئەو ئـاگرانەش بەسـەر لووتکەکانەوە بەچەند مەبەستێك بەکار هێنـراون: یەکەم، ئەو ڕێزە تایبەتیەی کە لە ئـاگر گیـراوە وەك یەکێـك لە شـتە پیرۆزەکـانی ئـاهوورامەزدا کە دەبێـتە هـۆی ڕوونـاکی و پاکوخـاوێنیی ئەو شـوێنەی تێیـدا هەڵگیرسـاوە، واتە سـیمبۆلێك بـووە بۆپـاکی و پیرۆزیـی خـاکی وڵات. دووەم، زۆرجـار بەهـۆی مەشـخەڵی ئـاگری سـەر لوتکەکـانەوە ئـاڵوگۆڕی پەیـام کـراوە واتە خەڵکـی دوو گونـد یـا دوو شـارو دوو ناوچەی دوورلەیەك بەهۆی هەڵکردنی مەشخەڵی ئاگر لەبەرزاییەکانەوە لێکدی گەیشتوون و پێوەندیان پێکەوە بەستووە، ئەم پەیوەندیەش سەرتاسەری وڵاتی گرتۆتەوە چونکە ئەم ناوچە بۆئەو ناوچە و ئەم شار بۆ ئەو شارو ئەم گوند بۆئەو گوندو ئەم لوتکە بۆئەو لووتکە ڕۆیشتووە و هەرگوندو شارو ناوچەو لووتکەیەك بۆ ئەوی نزیـك خـۆی هەڵکـردووە، واتە بەشـێوەی پەیوەنـدیەکی زنجیرەیـی بـووە لەنـاو وڵاتـدا. دەبـێ ئەوەش بگـوترێ کەچـۆنیەتی ئـاگرەکەش واتـای جیـاوازی هەبووە، ئاگری کز واتە لاوازیی ئەو ناوچەیە، ئاگری بەکڵپە واتە بەهێزبوونیان و مەشــخەڵی تەنیـا بۆپیشـاندانی نیازێـك بەکەسـانیترو مەشــخەڵی بەکـۆمەڵیش بەنیشـانەی بـێ نیـازی... و بەمشـێوەیە ناوەنـدو پـایتەختی وڵات هەمـوو سـات ئاگـاداری دوورتـرین و لاتەریکتـرین شـوێن و نـاوچەی ئەو وڵاتە بـووە و هیچکـات پەیوەنــدیان لێـك نەپچــڕاوە و بــێ خەبەر نەبــوون لــە یەکـدی، پاشــان وشــەی (ئیرەوان)مـان هەیە کەئەویـش هەر وشـەیەکی هەورامـیە و شـێوە دروسـتەکەی (ئـایرەوان / ئـایروان)ە کەپێکهـاتووە لەدووبەش (ئـایر) بەواتـای ئـاگرو (وان) بەواتـای پـارێزەر، چـاودێر، سـەرجەم وشـەکەش (ئـایرەوان) واتە پـارێزەری ئـاگر /ئاگربـان/ چـاودێریکەری ئـاگر. ئەمە لەوشــەی ئێـران و ئێـرەوان، کەدەرکەوت وشـەیەکی ڕەسـەنی کـوردی (هەورامی)یە، گەر بگەڕێینەوە سـەر وشـەی ئێـران وەك جێگەی ژیانی ئاریەکان، ئەوا ئەویش هەر هەورامانە و خۆی لە (ئووورامان)دا دەبینێتەوە ئەمە جگە لەوەی کەچەند گوند و شوێنمان لەناوچەی هەوراماندا هەن بەناوەکـانی (ئاریـان، داریـان، ئـاران) کەئەمـرۆش هەر بەو نـاوەوە مـاونەتەوە و دەناسرێن.

## ئەسنەوەنت / ئاسنەوە



دەڵێن ئەسنوەنت کێویێکە لە خاکی ئازەربایجاندا لە) نزیك گۆلی ورمێ کە کەیخەسرەو پەرستگەو ئاتەشگەی تێدا دروست کردووە و ئازەرگوشەسبی تێدا داناوە. جاکسۆن دەڵێت: (ئەسنەوەنت هەمان _ سەهەند _ە) و هەندێکیش وای بۆدەچن کە گوایە مەبەست لە ئەسنەوەنت (سەوەلان، سەبەلان) بێت. بەڵام هیچکام لەو بۆچوونانە ڕاست نین بەڵکوو ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەسنەوەنت نەك لە ورمێو ئازەربایجان و...، بەڵکوو شوێنێکە کەوتۆتە ناوچەی مەریوان کە هێشتاش هەر بە هەمان ناوی ڕەسەن و دێرینی خۆی دەناسرێت و ناو دەبرێت و پارێزراوە.

(ئەسنەوە) بەشێکە لە مەریوان کە من بۆ خۆم بەمەبەستی تۆژینەوەی مەیدانی سەردانم کردووە و دوو شوێنەواری دێرینم تیایدا دۆزیوەتەوە کە ئەوانیش یەکەمیان پەرستگەیەکی زەردەشتی و دووەمیشیان کوورەیەکی تواندنەوەی ئاسنە. پەرستگەکە بەسەر لووتکەیەکی بەرزەوە دروست کراوە و هێشتا ئاسەواری چلەخانە و ئاتەشگەکەی تێدا ماوەتەوە کە من پێموایە دەبێ هەمان ئاتەشگەی بەناوبانگی (ئازەرگوشەسب) بێت. کوورەکەش کەوتۆتە بناری لووتکەکەو لە تەختاییەکی ناو شیوەکەدایە. لاموایە سەرچاوە و کانی ئاسنیش دەبێ لەو ناوچەیەدا هەبێت. دانیشتوانی ناوچەکە پێیانوایە هەربەبۆنەی کوورەکەوە ناوی لێ نراوە (ئاسنەوە / ئاسن ئاوا) بەڵام لەمەڕ پەرستگەکە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە. بەهەرحاڵ زۆر نیشانە و بەڵگە هەن کە دەیسەلمێنن ئەسنەوەنت هەمان (ئەسنەوە)ی لای مەریوانە و ئەویش هەروەك دەیان و سەدان شوێنی دیکەی ئەم کوردستانە گەورەیەمان جێ و شوێن و مەڵبەندی ئەشوو زەردەشت و ئایینە پیرۆزەکەی بووە.

# ئازەرباد ماراسپەند




ئازەرباد ماراسپەند ناوێکی ئاشناو ناسراوی ئاڤێستایی و ناوی مۆبدان مۆبدێکی گەورەی سەردەمی ساسانیەکانە کە بە کەسایەتیەکی پیرۆزو شیکەرەوەی (نامەی پیرۆز) واتە سەرجەم ئاڤێستا دادەنرێت. نەسەبی بە (٢٢) پشت دەگاتەوە بە مەنوچەری کوڕی فەرەیدون. کۆکردنەوەو شیکردنەوەی ئاڤێستاو شەرح و لێکدانەوەی زۆربەی بەشە مەعنەویەکانی ئایینی مەزدیەسنا دەدرێتە پاڵ ئازەرباد ماراسپەند. ئەم ناوە لەچەند بەش پێکهاتووە: (ئاتەر، ئازەر) واتە ئاگر + (باد، پات) واتە پارێزەر + (ماراسپەند، مەنسەرەسپەنتە، مانترسپەنتا) واتە کەلامی پیرۆزی ئاهوورایی. ناوەکەش سەرجەم واتای (پارێزەری ئاگرو کەلامی پیرۆز) یا خۆمان واتەنی {ئاگربانی زمان چاك} دەدات. جگە لەو کارانەی کە ئاماژەیان پێکرا، ئازەرباد ماراسپەند خۆی چەندین

بەرهەمی هەن کە دەچنە خانەی ئامۆژگاری و ڕاهێنان و پەند و قسەی نەستەقەوە کە هەندێکیان بریتین لە: ئامۆژگاری ئاتروپات ماراسپەند (کە بۆ کوڕەکەی نووسیوە)، پەتێتە ئیرانیك (پەشیمانی، تۆبەنامەی ئێرانی)، واچەك چەند ئازەرباد ماراسپەند (چەند وتەیەکی ئازەرباد ماراسپەند)، دە پەندی ئازەرباد ماراسپەند (کە بەپێی بەشی ١٩٩ی کتێبی دینکەرد بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ڕاهێنانە چەواشەکانی – مانی – ی داناوە)، پەندنامەیەکی دیکەش کە بەپێی گێڕانەوەی دەقە پالەویەکان وەك پرسیار و وەڵامێکی تێر و تەسەلی نێوان خۆی و یەك لە قوتابیەکانی داڕێژراوە. ئەو ئامۆژگارینامەیەی کە بۆ کوڕەکەی نووسیوە لە (١١٦) خاڵدا داڕێژراوە کە بەوپەڕی جوانی و کورت و پڕ ناوەرۆك نووسراوە و خوێنەر دەخاتە بیری ئەوەی کە پێشینانمان خاوەنی چ ڕوانگەیەکی بەرین و هزرێکی قووڵ و فکرێکی ڕۆشن و ئینسانی بوون. واتا و ناوەرۆکی ئەو ئامۆژگارینامەیە بۆ ئەمڕۆکەش هەر زیندووە و پەیامی خۆی دەگەیەنێت و پێموایە هەنوکەش دەتوانێ قوتابخانەیەك بێت بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی بۆ جیلی نوێمان. ئاترۆپات ماراسپەند لە ئامۆژگارینامەکەیدا بە کوڕەکەی دەڵێت:

❖ کوڕم، هەمیشە کاری چاکە بکە نەك خراپە، ژیانی مرۆڤ تا هەتایی نییە و هیچ شتێکیش لەم جیهانە کاتییەدا لە کاری چاکە و ناوی چاك سەرووتر و پێویستتر نیە.
❖ ئەوەی کە تێپەڕی لەبیری بکە و بۆ ئەوەش کە هێشتا نەهاتووە غەم و حەسرەت مەخۆ.
❖ لە ئاستی گەورە و سەرکردەی خۆتدا هەڵەشە مەبە و بۆ خزمەتکردن بە هیمەت بە، ئەوەی بۆ خۆتت ناوێ بۆ دیترانیشت نەوێت، لەگەڵ دۆست و کەس و کارتدا وەك یەك بە.
❖ خۆت مەکە بەندە و ژێردەستی کەس.
❖ خۆت لەو کەسانە بە دوور بگرە کە قین لەدڵ دەگرن و تووڕە دەبن.

- هەمیشە و لە هەموو شوێنێك پشت بە یەزدان ببەستە و دۆستی کەسێك بە کە دۆستایەتیت پێدەگەیەنێت.
- بەپێی خواستی یەزدان و ئامۆژگاری پیاوچاکان بجوولێوە و تێبکۆشە.
- هەرچیت بیست هەر بە پەلە و بێهۆ مەیلێرەوە.
- ژن و منداڵی خۆت لە خوێندن و کەسبی زانست بێبەش مەکە تا دواتر پەژیوان نەبیتەوە و خەمی پێ نەخۆی.
- بەبێ هۆ و لەخۆڕا پێمەکەنە.
- هەمیشە پێش وەڵامدانەوە بیری لێبکەوە.
- گاڵتە و سوکایەتی بە هیچ کەس مەکە.
- هاودەنگیی مرۆڤی بەدکار مەکە.
- هاوڕێیەتی مرۆڤی تووڕە و تۆسن مەکە.
- لەگەڵ حەسوود و چاوچنۆکدا ڕاوێژ مەکە.
- لەگەڵ سەرخۆشاندا مەبەرە هاوخوان.
- نە لە مرۆڤی بوودەڵە و هیچ و پووچ قەرز وەربگرە و نە قەرزیشی بدەرێ چونکە بە هەردوو حاڵەتەکەی سووکت دەکات و لای خەڵك ناوت دەزڕێنێ کە بەمەش زیانێکی گەورەت پێدەگات.
- مرۆڤی چاوپیس نەکەیتە نوێنەری خۆت.
- سامانی خۆت پیشانی مرۆڤی بەغیل مەدە.
- داوای ئەمرو حوکمی ناهەق لە حاکمان مەکە.
- گوێ بۆ قسەی درۆزن و دووزمان مەگرە.
- کاتی سزادانی تاوانباران کینەی خۆت ئاوێتەی مەسەلەکە مەکە.
- لە گوزەرگە (ڕێگا)ی گشتیدا دەنگ بەرز مەکەوە.
- لەگەڵ پیاوی زۆر دەوڵەمەندا لەسەر خوانێك نان مەخۆ.
- ڕێز لە جوامێران بگرە.
- بۆ جێگە و پلەوپایە هات و هاوار مەکە.

- ❖ دۆستایەتی و ڕاوێژ لەگەڵ مرۆڤی داوێن پاك و شارەزا و وشیاردا بکە.
- ❖ لە شەڕدا ئەگەر بەرپرسیارەتییەکی گەورەت گرتە ئەستۆ زۆر بترسە.
- ❖ دووربە لە پیاوی ساماندارى بەهێزی کینەجۆ.
- ❖ دژایەتی مرۆڤی ئەدیب مەکە.
- ❖ ڕازی خۆت لای مرۆڤی نەزان مەدرکێنە.
- ❖ گەر لە خزمەتی زانایاندا بوویت بە هەندی وەربگرە و پرسیاریان لێ بکە و وەڵامیان لێ ببیسە.
- ❖ لەگەڵ هیچ کەسێکدا هیچ کات درۆ مەکە.
- ❖ هیچ شتێك لە مرۆڤی بێ حەیا وەرمەگرە.
- ❖ هیچ شتێك لای مرۆڤی چەوت بە ئەمانەت دامەنێ.
- ❖ چ بە ڕاست و چ بە درۆ هیچکات سوێند مەخۆ.
- ❖ کاتێ ویستت ژیانی هاوسەری پێکبهێنی سەرەتا ماڵ و سامان دابین بکە.
- ❖ خۆت هاوسەری ژیانی خۆت هەڵبژێرە.
- ❖ گەر ویستت ساماندار بیت یەکەمجار زەوی و ئاو بکڕە، چونکە گەر سەمەریشی نەبوو ئەوا مایەکەی هەر دەمێنێتەوە.
- ❖ تا بۆت دەکرێ بە زمان ئازاری خەڵك نەدەی.
- ❖ ڕازی مەبە بە زیان و دوژمنایەتی بۆ هیچ کەسێك.
- ❖ تا بۆت دەکرێ لەسەر ماڵ و سامانی خۆت دەسگیرۆیی دیتران بکە.
- ❖ هیچ کەس فریو مەدە و هەڵیمەخەڵەتێنە تا تووشی دەرد و مەینەتی نەبی.
- ❖ ڕێز لە پێشەوای جوامێر بگرە و بە گوێی بکە.
- ❖ هیچ شتێك لە کەس بە قەرز و ئەمانەت وەرنەگری جگە لە کەسی نزیکی خۆت.
- ❖ کچی شەرمنت خۆش بوێت و بە پیاوێکی زانا و وشیاری بەشوو بدە چونکە کچی شەرمن و پیاوی وشیار و زانا وەك خاکێکی بە پیتن کە بەرهەمی زۆر و باشیش دەدات.

- قسەی خۆت بە ڕاشکاوی دەرببڕە.
- بەبێ بیرلێکردنەوە قسە مەکە.
- بەپێی یاسا نەبێت قەرز مەدەرە کەس.
- هاوسەرێکی ژیرو بەشەرم و حەیا هەڵبژێرە و ڕێزی لێ بگرە.
- کەسێك بۆ زاوای خۆت هەڵبژێرە کە خاوەن خووو ڕەوشتی چاك و زانا و تێگەیشتوو بێت، ئەگەر هەژارو دەستکورت بوو بە عەیبی مەزانە، ماڵ و سامان بە پشتیوانی یەزدان دەبێت.
- هەرگیز گاڵتە بە مرۆڤی هەژارو نەدار نەکەیت، لەوانەیە تۆش ڕۆژێك هەژار بکەویت.
- منداڵەکانت بخەرە بەر خوێندن چونکە خوێندەواری و زانیاری چاوی ڕۆشن و بینایە.
- بە کات و جێی خۆی قسە بکە، زۆرجار بێدەنگی گەلێ لە قسەکردن باشترە.
- مرۆڤی ڕاستگۆ بنێرە بە دوای پەیغامدا.
- بڕوا بە مرۆڤی دەنی مەکە و پاداشتی مرۆڤی بەڕێزو چاکەخوازیش بدەوە.
- قسەخۆش بە.
- شیرین زمان بە.
- ڕێز لە کەسێتی خۆت بگرە.
- کە کاری چاکە دەکەی لەخۆبایی مەبە و هەردەم باسی مەکە.
- خیانەت لە سەرۆکی خۆت نەکەیت.
- قسە لە مرۆڤی ژیرو ڕاستگۆ بپرسە.
- هیچ شتێك لە مرۆڤی دز مەکڕە و تا بۆت دەکرێ دزەکان قاو بدە.
- بیر لە دواڕۆژ بکەوە و تاوانباران بە ویژدانەوە سزا بدە.
- لە هەموو کەس و هەموو شتێك {وەك یەك} دڵنیا مەبە.
- ئەمرو فەرمان بە چاکە بکە تا بەهرەی چاك وەربگری.
- پاك و بێتاوان بە تا بێترس بژیت.

- ❖ پێزان و شوکرانەبژێر بە تا شایستەی چاکە بیت.
- ❖ لەگەڵ خەڵکدا تەبا و یەکڕەنگ بە تا بەڕێز و ناودار بیت.
- ❖ ڕاستگۆبە تا بەهێز و خۆڕاگر بیت.
- ❖ ڕۆح سووك بە تا دۆستت زۆر بن.
- ❖ با دۆستت زۆر بن تا زۆرتر بناسرێی.
- ❖ ناودار و ناسراو بە تا ژیانت بە خۆشی و بە کامەرانی تێپەڕێت.
- ❖ ئاینی ڕاستیت خۆش بوێ تا پاك و بێگەرد بمێنیتەوە.
- ❖ بەپێی ویژدانی خۆت بجووڵێوە تا بەختەوەر بیت.
- ❖ جوامێر و دلۆڤان بە تا سەرفراز بژیت.
- ❖ ژنی کەس هەڵمەخەڵەتێنە تا ناخت تاوانبار نەبێ.
- ❖ لەگەڵ مرۆڤی هەق نەناس و پێنەزاندا هەڵسوکەوت مەکە.
- ❖ ڕۆحی خۆت ئالودەی ڕق و قین مەکە.
- ❖ لە هەموو قسەو کارو کردەوەیەکدا ڕۆح سووکی و ئەدەب لەبیر مەکە.
- ❖ هەرگیز ڕووگرژو بەدڕەوشت مەبە.
- ❖ لە کۆڕەکاندا لای مرۆڤی نەزان دامەنیشە با بە نەزان تێت نەگەن.
- ❖ لەلای سەرووەوە دامەنیشە تا هەڵتنەستێنن و نەتهێننە خوارەوە.
- ❖ تەماع لە ماڵ و سامانی کەس مەکە، ماڵ و سامان وەك باڵندەیەکە کە هەردەم لە چڵێکەوە دەچێتە سەر چڵێکی دیکە و قەت لەسەر لقێك ناوەستێت.
- ❖ لە ئاستی باوك و دایکتدا گوێڕایەڵبە و ڕێزیان لێ بگرە، مرۆڤ تا باوك و دایکی مابن وەکو شێرێکە کە لەلانی خۆیدا خەوتبێت و ترسی لە هیچ نەبێ بەڵام ئەوەی دایك و باوکی نەبوو وەك بێوەژنێکی بێکەسی لێدێ کە توانای هیچی نەبێت و خەڵك بەسووکی سەیری بکەن.
- ❖ کچەکەت وشیار و زانا ڕابێنە و هاوسەرێکی وشیار و زاناشی بۆ هەڵبژێرە.
- ❖ گەر دەتەوێ جنێو لە کەس نەبیسی ئەوا جنێو بە هیچ کەس مەدە.

- تووڕە و ڕقاوی مەبە، مرۆڤی ڕقاوی و تووڕە وەك ئاگری ناو دارستانە کە تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێت.
- هاوکاریی کەسێك مەکە کە دایك و باوکی لێی ناڕازین با تووشی تاوان نەبیت.
- لەبەر حەیا و عەیب و عارێك خۆت تووشی تاوان مەکە.
- دووزمان و ئاشۆ مەبە.
- لە کۆڕدا لەلای درۆزن دامەنیشە.
- چالاك بە تا وشیارانە بژیت.
- زووخێز بە تا هەموو کارەکانت بە باشی بەڕێوە بەریت.
- دوژمنی دوێنێ بە دۆستی ئەمڕۆت مەزانە، دوژمنی دوێنێ وەك ڕەشمار وایە و دوای سەد ساڵیش هەر لەبیری تۆڵە و زەبر وەشاندندایە.
- ڕێز لە دۆستی دوێنێت بگرە و پشت بە دۆستایەتیی ببەستە.
- ستایشی یەزدان بکە و دڵی خۆت پڕ بکە لە شادی تا لایەنی چاکەت زۆرتر ببێ.
- نەفرەت لە پاشای { چاك} مەکە چونکە پاشای دڵسۆز پارێزەری جەماوەرە.
- کوڕی خۆم، پێت دەڵێم کە مەزنترین و باشترین بەخشش هەمان پەروەردە و ڕاهێنانی خەڵکە، چونکە ماڵ و سامان تەواو دەبێت و گیانلەبەرانیش دەمرن بەڵام پەروەردە و ڕاهێنان لەسەر زانست و زانیاری بۆ تاهەتایە.
- ئایینی خۆت بپارێزە کە دەبێتە هۆی بەختیاریی مەعنەویت.
- هەمیشە گەورەیی و پیرۆزیی ڕۆحی خۆت بهێنەوە یاد.
- لەبەر ناو یا پلە و پایەی خۆت، خۆت لە کارو کاسبی مەدزەوە.
- خۆت لە دزی و تەوەزەلی و هەوەسبازی بپارێزە، ئەوەی کاری چاکە بکات دەگاتە ئەنجامی چاك و بەختەوەرانە و ئەوەش خراپەکاری بکات سەرەنجامێکی تاڵ و حەسرەتاویی دەبێت.
- فێڵ لە کەس مەکە، هەرکەس چاڵ بۆ دیتران هەڵبکەنێ خۆی تێیدەکەوێت.

- ❖ مرۆڤی پارێزکارو داوێن پاك له بهختهوهریدا دهژیت و خراپهکار ههمیشه له غهم و پهژارهدایه.
- ❖ گهر تهنانهت ئهفسوونی ماریش بزانیت ههر دهستی بۆ نهبهیت تا پێتهوه نهدا.
- ❖ گهرچی مهلهوانێکی چاکیش بیت بهڵام زۆر له بوار مهده.
- ❖ لهگهڵ هیچکهس و به هیچ شێوهیهك پهیمان شكێنی مهكه.
- ❖ ماڵی كهس تالآن مهكهو به ماڵی خۆت قهناعهت بكه.
- ❖ لهخۆبایی و خۆویست مهبه، مرۆڤی لهخۆبایی وهك مهشكهیهكی فوو تێكراوه، گهر (با)ی تێدا نهما دهپووكێتهوه.
- ❖ بزانه كه خهڵك ههر ئهو خووو ڕهوشتهی تێدایه كه به منداڵی پێی ڕاهاتووه.
- ❖ لهكاتی خۆشیدا خۆت ون مهكهو نوقمی مهبه و كاتێ ناخۆشیش ڕووی تێكردی هیوابڕاو مهبه و حهسرهتی زۆر مهخۆ، ههر خۆشییهك ناخۆشی و ههر ناخۆشییهكیش خۆشیی بهدواوه دێت.
- ❖ هیچ ههورازێك بێ نشێو و هیچ نشێوێكیش بێ ههوراز نابێت.
- ❖ زیادهڕۆیی له خواردندا مهكه.
- ❖ لهخۆڕا ههموو خۆراكێك مهخۆ و زۆر زۆریش مهچۆره كۆڕی بهزمی گهورهكان چونكه شایستهی مرۆڤی زانا نییه.
- ❖ ئهی كوڕی خۆم {دووبارهی دهكهمهوه} هیچ سامانێك له زانایی باشتر نییه و هیچ خزمهتێكیش له پهروهرده و ڕاهێنانی خهڵك لهسهر زانست پیرۆزتر نییه.

## پیرشالیار





وەك دەزانین پیرشالیاری زەردەشتی یەكێك بووە لە پێشەوا ئایینیەكان و جێگرو نوێنەری ئەشوو زەردەشت بووە لە هەورامانی پیرۆزدا. پیرشالیار، خاوەنی كتێبی هەرە بەنرخی (ماریفەتو پیری)یە كە دەكرێ بە شەرح و تەفسیری ئاڤێستای پیرۆزی بزانین (وەكوو زەند و پازەند و...)، ئەم كتێبە بریتییە لە بیروبڕواو ڕێنمایی و قسەنەستەقەكانی حەزرەتی پیر بۆ دانیشتوانی ئاهوورامان. بەداخەوە بەهۆی خەمساردی و نەشارەزایی ئێمەی كوردەوە، ئەو بەرهەمە گرینگ و نایابەمان لەدەست چووەو خەڵكانێكی وشیارتر بردوویانە و لە مۆزەخانەكانیاندا دەیپارێزن و شیكارو لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكەن و لەملایشەوە ئێمە، كە خاوەنی راستەقینەی ئەو سامانەین، لێی بێبەش و بێئاگاین.

حەزرەتی پیرشالیار لە كتێبە پیرۆزەكەیدا ئاوڕی لە چۆنیەتیی پەروەردەو راهێنانی مرۆڤ داوەتەوەو گەڵاڵەو بەرنامەیەكی چڕوپڕو هەمەلایەنەی خستۆتە ڕوو بۆ دابین و دەستەبەركردنی ژیانێكی ئاسوودە و تەندروست و بەختەوەرانە.

پیرشالیار لە بەشێكی ڕێنماییە فەلسەفییەكانیدا، بەمچەشنە رێ پیشانی مرۆڤ دەدات:

- هەركەس رووخۆش و دەم بە پێكەنین بێت ئەوە مرۆڤێكی ئاهوورایی و بەهەشتییە، هەركەسیش گرژو مۆن و بەدڕەوشت بێت، ئەوا بوونەوەرێكی ئەهریمەنی و جەهەنەمییە.
- دەبێ ژینگە و ماڵ و حەوشەوبانی خۆتان هەمیشە پاك و خاوێن ڕابگرن تا فریشتەی ڕەحمەت و فەڕوبەرەكەت و ڕووناكی ڕووی تێبكات.
- نینۆكەكانتان بكەن و مەهێڵن درێژ ببن، چوونكە ژێریان پڕدەبێت لە چڵك و چەپەڵی و میكرۆبی ئەهریمەنی.
- كاتی گسكدان، پێشتر گسكەكە بگرنە بەر ئاگر تا میكرۆب و جڕوجانەوەری ناپاك و تاریكی پەرست و زیانمەندی تێدا نەمێنێ.
- كاتێ باوێشك دەدەن، بە پشتی دەستتان پێشی دەمتان بگرن.
- هیچكات شانەی شكاو مەدەن لە سەرو قژتان.
- هیچكات خۆراكی ناو دەفری شكاو یا داخراو مەخۆن.
- چێشتی شەومەنە مەخۆن، مەگەر پێشتر سەرەكەی بە ڕەژوو داپۆشرابێت.

- بۆ جلوبەرگ و پێڵاو، هیچکات رەنگی رەش و تاریك هەڵمەبژێرن، رەنگی شین یا سپی شیاوترین رەنگن.
- خواردنێك مەخۆن کە ددان توانای جوینی نەبێت.
- لە هیچ بارودۆخێکدا و بە هیچ جۆرێك و هیچکات ئاو، پیس یا لێڵ مەکەن.
- بۆ جلوبەرگ و ژێرخەری خۆتان لە خوری و بەرگی ئاژەڵ کەڵك وەربگرن نەك لە پێستەکەی.
- هیچ گیاندارێك مەکوژن، هەموو گیاندارێك دروستکراوی حیکمەت و بەخششی یەزدانەو بۆ قازانج و بەرژەوەندیی مرۆڤ و گێتی دروستکراوە، هیچکات ئازاریان مەدەن و لە نێویان مەبەن.
- دارودرەخت جوانن، ئەوانیش گیاندارن، هیچکات مەیانبڕنەوە.. بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر دەست یا قاچ یا گوێ یا لووتی ئێوە ببڕن، چی ڕوودەدات؟!
- لە هەرکوێ دەژین، ماڵ و ژینگەی خۆتان خاوێن و رووناك ڕابگرن.
- شەوو ڕۆژ گۆرانی بڵێن و بەمچەشنە چی خەمو پەژارە لەناو دڵتاندایە بیدەنە دەرەوە.
- کاتی زەماوەند یا گەڕانەوەی کەسێك لە سەفەر یا لەدایکبوونی منداڵ یا بارینی بارانی بەکات یا چاکبوونەوەی نەخۆش یا بەروبەرهەمی چاك و...، بە هەر بۆنەو بیانوویەك جەژن بگرن و شایی بکەن، لە جەژن و شاییەکانیشدا گۆرانی و هەڵپەڕکێ فەرامۆش مەکەن.. لە بیرتان بێت کە گۆرانی و سەما و شادی، خوێی ژیانە.
- داگیران و خەموپەژارە پیلانی ئەهریمەنە، هەمیشە شادو خۆشحاڵ و رووخۆش و دەم بە بزەو پێکەنین بن و بە شادی بژین.
- هەمیشە لە توانا و ماڵ و سامانی خۆتان ببەخشنەوە و یارمەتیی مرۆڤەکان بدەن و بۆ هیچ بەخشیشێکیش منەت بەسەر خەڵکدا مەکەن.
- دەمارگرژو لووتبەرز مەبن و فیز مەکەن و خۆتان بەگەورەتر مەزانن، رۆحسووکی و خاکەڕایی رەوشتێکی ئاهوورایییە.

# كۆسەی هەجیج





تەعریبچییەکانی تاریکستانی عرووبە، لەمێژە نەتەوەی سەربەرزی کوردیان لە هەموو بوارەکاندا تەعریب کردووەو ویستوویانەو دەشیانەوێ هەر لە رەگوڕیشەوە بیبڕنەوە، ئەوان لەمێژە لە هەوڵی شێواندنی مێژووو سڕینەوەی رابردووی پرشنگداری ئەم نەتەوەیەدان و وەك شەمشەمەکوێرە دەیانەوێ رۆژی ڕووناکی ئێمەش بکەنە تاریکستان و هەموو شتێکمان لە هەموو بوارێکەوە لێ بشێوێنن.. (کۆسەی هەجیج)یش نموونەیەکە لە هەزاران نموونەی ئەو پیلانگێڕیە ئەهریمەنییەی شەوئەندێشانی عرووبە، ئەوان ئەفسانەیەکیان داتاشیوە کە گوایە: " کۆسەی هەجیج ناوی سید عبیداللە و برای مووسای کازم بووەو لەبەغداوە لەترسی هاروون هەڵاتووەو..."!!

له راستیدا کۆسەی هەجیج نە عەرەب بووە و نەبرای مووسای کازم و نە لە بەغداشەوە هاتووەو نە هیچ پەیوەندییەکیشی بە جەهل و نەزانی و خورافەپەرستیی عەرەبەوە هەیە، بەڵکوو یەکێکە لە پێشەوا ئایینیەکانی دێرینی کورد، خەڵکی هەورامانە و هەر لە هەورامانـدا ژیاوەو خزمەتی خەڵك و ژیارو ژینگەی رەسەنی خۆی کردووە.

وشەی (کۆسە) لە بنەڕەتدا (کاتۆس)ە، کاتۆس، کاتۆز، کەتۆس، کەتۆسە وشەیەکی دێرین و مێژینەی کوردییە بە واتای تایبەتی خۆیەوە، بەڵگەو سەرچاوەکانی پێش مێژوو بۆمان دەگێڕنەوە کە (جەمشید)ی پاشای پیشدادی و داهێنەری نەورۆز، هاوڵاتیانی بۆ چوار توێژ پۆلین کردبوون کە یەکەمین گرووپ یا توێژ هەمان (کاتۆس، کەتۆسە) بوو، ئەویش بریتی بوو لەو مرۆڤە هەڵبژێردراوانەی توانای خۆ ڕاهێنانیان هەبووە و سەختەوان بوون، ئەم توێژە، دەبوو بڕۆنە کێو و شاخە بەرزەکان و لە لووتکەی کێو و ناو ئەشکەوتەکاندا خەریکی پەرستشی یەزدان و خۆ ڕاهێنان و فێربوونی زانست بن. کۆسەی هەجیج یەکێکە لەو هەڵبژێردراوانە کە لە بڵندایيە سەختەکانی هەورامانـدا خۆی بۆ راهێنان و فێربوون و بیرکردنەوە و ناسین و پەرستشی یەزدان تەرخان کردبوو. وشەی کاتۆس بەرەبەرە سواوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆتە (کەتۆسە) و دواتریش کورتتر کراوەتەوەو بۆتە (کۆسە). لەبیرمان نەچێت ئێستاش لە هەوراماندا بە کەسێك کە زۆر بزێو و سەختەوان و سەختگیر و هاروهاج و وریا بێت دەڵێن: (کەتۆس).

بەمپێیە روونـدەبێتەوە کە کۆسەی هەجیج بە پێچەوانەی ئەو فڕوفیشاڵە بێ بنەما عەرەبییە، هەمان (کاتۆس)ی زاناو خواپەرستی چاخەکانی پێش مێژووی کورد بووە. پردی (وەنەن)، (وەنەنت)ی ئاڤێستاییش کە پێشتر لەسەرمان نووسیوە و لە هەجیجدایە دەبێ هەر بە فکر و داهێنانی کۆسەی هەجیج دروست کرابێت. مەزارگەی کۆسەی هەجیج هەر لە دەڤەری هەورامانـدایە و ئێستاش جێی رێز و حورمەت و پیرۆزیی خەڵکی ناوچەکەیە.

# بەڵخ .. بەڵخە




هەندێ لەو توێژەرانەی کە بەهۆی نەشارەزایی سەبارەت بەزمان و جوگرافیای هەورامان و دین دەبیرە نەیانتوانیوە زەردەشت و ئایینە پیرۆزەکەی بەجوانی بناسن و بەتایبەتی لەمەڕ ناوی کەس و شوێنەکان تووشی هەڵەی زەق و سەرلێشێواوی و تەنانەت چەواشەکاری بوون، دەڵێن: گوایە زەردەشت لە ورمێوە کۆچی کردووە بەرەو شاری بەڵخ، (ئەو شارەی کە ئەمڕۆ دەکەوێتە ناو وڵاتی ئەفغانستان) و ئیدی لەوێوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی داوە!

ئەوان نازانن یانخود نەیانویستووە بزانن کە:

یەکەم، (ورمێ) نییە بەڵکوو (ئوورامیە)یە کە دەبێتە هەمان هەورامانی ئێستا و حەزرەتی ئەشوزەردەشت لەوێ لەدایکبووەو ئایینەکەشی هەر لەوێوە سەری هەڵداوە و دواتر بە دانانی حەزرەتی پیرشالیار لە جێگەی خۆی (وەکوو خەلیفە/ جێگر)، بۆ گەشەدان بە فکرو فەلسەفەو پەیامە پیرۆزەکەی دەستی داوەتە گەڕان و سەفەری ئەملاولا و لە هەورامانی تەختەوە رووی کردۆتە هەورامانی لهۆن و یەك لەو شوێنانەی کە تێیدا گیرساوەتەوە گوندی (بەڵخە) بووە کە دەکەوێتە نێوان بیارە و تەوێڵە و لەوێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ماوەتەوە.

گەر سەیرێکی وردبینانەی شوێنەوارەکانی گوندی بەڵخە بکەین زۆر جوان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شوێنە یەکێك بووە لە بنکە و مەڵبەندە سەرەکییەکانی حەزرەتی زەردەشت، بەتایبەتیش شوێنەوارە کۆنەکەی پشت بەڵخە کە پێی دەڵێن (کەلاوێ سەربەڵخی) و گۆڕستانە دێرینەکەی کە ئێستا پێی دەگوترێ (سینەو ئەسحابەی) و هەروەها شوێنەواری هەرە دێرینی هەوارەبەرزە، راستیی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنن و دەریدەخەن کە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەڵەی ئاڤێستاناسە نەشارەزاکان، زەردەشت هەورامانی بەجێ نەهێشتووە و رووی نەکردۆتە شاری (بەڵخ)ی ئێستای ئەفغانستان بەڵکوو ئەو شوێنەی کە رووی تێکردووە گوندی بەڵخەی هەورامانی لهۆن بووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەگەر لایەنی دێرینەیی و پیرۆزیی بەڵخە نەبووبا، ناوی نەدەکەوتە ناو شیعری فۆلکلۆرەوە..

دێڕە شیعرێکی فۆلکلۆری کوردی هەیە دەڵێت:

"ئەی خوا لەوکەلە زوو بمخەیتە بان
بمخەیتە مابەین بەڵخەو سۆسەکان".

## هاموون



دەڵێن: هاموون دەریاچەیەکە لە سیستان و (کیانسە)یشی پێدەگوترێت و...، لە ئاڤێستای پیرۆزیشدا بە ڕێزەوە ناوی ئەو دەریاچەیە دەبرێت و لە یەکێك لە (یەشت)ەکاندا، کاتێ باسی هاموون دەکات، ئاماژە بە هەشت رووباری دیکەش دەکرێ کە دەڕژێنە ناو دەریاچەکەوە.

ئەوەی کە ناوی (کیانسە)یان بە هاموونەوە لکاندووە، هەڵەیەکەو کەوتۆتە سەر زاران، چوونکە کیانسە بە پێی سەرجەم پێوەرەکان دەبێ (کیانسیە/ کەنسەوییە) بێت کە هەمان (قازانچی)ی ئەمڕۆیە و دەکەوێتە ناوچەی دینەوەری کرماشان (نێوان کامیاران و کرماشان و روانسەر). بەڵام بە بردنەوەی هاموون بۆ سیستان، دەبێ بڵێین هۆکارەکەی هەمان نەشارەزایی توێژەرانی ئاڤێستایە لە

بواری جوگرافیای هەورامان و هەرواش تێنەگەیشتنیان لە زمانە رەسەنەکەی دین دەبیـرە (هەورامـانی). ئینکـاری هەبـوونی دەریـاچەیەکی هاونـاوی هـاموون لە سیستاندا ناکەین، دیارە زۆرجار ناوی شوێنەکان لە دوو یا چەند ناوچەدا دووبارە دەبێـتەوە و ئەم لێکچـوونە لە هەمـوو سـەرڕووی زەویـدا ئاسـاییە، بەڵام ئەوەی راسـتییە و لێـرەدا شـایانی روونکـردنەوەیە ئەوەیە کە ئەو دەریـاچەیە (هـاموون) نەك لە سیسـتان بەڵکـوو وەکـوو زۆربەی هەرە زۆری شـوێنەوارە دێرینەکـانی سـەردەمی زەردەشـت و پێشـتریش، لە کوردسـتاندایە و هیچ پەیوەندییەکیشـی بە شـوێنێکی دیکەی جگە لە کوردسـتانەوە نییە. وەك لە نـاوی (بەڵـخە)وە روونمـان کـردەوە کە مەبەسـت لە (بەڵـخ)ی ئەفغانسـتان نیـیە بەڵکـوو هەمـان (بەڵـخە)ی سـەربە هەورامـانی لهـۆنە، بـۆ هـاموونیش دەبـێ بڵێـین کە هـاموون بەشـێکە لە دەربەندیخان و هەمان گێژاوە بەناوبانگەکەی دەربەندیخانە کە پێی دەڵێن (تووونی هـاموون). سـەبارەت بەو هەشـت رووبـارەش کە دەڕژێـنە نـاو ئـاوی هـاموون (دەربەنـدیخان)ەوە، ئەوا دەتـوانین ئامـاژە بکەیـنە سـەر: دواو، دواوان، سـیروان، چـاوگەی بـلا، زرێبـار، چەمەی کەیمـنە، (مەر) لە بێـرواس و لە دزاوەریـش و..تـد. کەوابـوو بۆمـان روون دەبێتەوە کە هـاموون هەمـان (تونی هـاموون)ی گێژاوەکەی دەربەنـدیخانە و دیتـران بە هەڵە و نەشـارەزایی پەیوەنـدییان داوە بە هـاموونی سیستانەوە.

# هامن / وەرێسە

## یەکەم، هامن

هـامن وشـەیەکی رەسـەنی هەورامیـیە کە هەمـان وەرزی (هـاوین)ە لە سۆرانیدا. دیارە هامن و هاوین جگە لە جێگۆڕکێیەکی سووکی سەرزاری نەبێت، هـیچ جیاوازییەکیـان نیـیە و هەر لە یەك رەگوڕیشـەوە هـاتوون. ئەم وشـەیە لە ئاڤێسـتادا (هەمە)یە و لە پالەویـدا بـۆتە (هـامین)، دواتـر لە هەورامیـدا کـورت کـراوەتەوەو بە قرتانـدنی پیتـی (ی) بـۆتە (هـامن) و لە سۆرانیشـدا بە جێگۆڕکێپێکردنی پیتەکانی (م) و (و)، ئەو ئاڵوگۆڕە بچووکەی بەسەردا هاتووە و بۆتە (هاوین). بەهەرحاڵ (هامن، هاوین، هەمە، هامین) هەر یەك وشەن و یەك بنەماو رەگوڕیشەیان هەیە، وشەکەش وشەیەکی رەسەن و مێژینەی کوردییە کە بۆ پێناسەی وەرزی گەرما بەکاریان هێناوە.

## دووەم، وەرێسە

(وەرێـس)ی ئاڤێسـتایی هەمـان (وەرێسـە)ی هەورامی و (گـوریس)ی سۆرانییە کە وشەیەکی رەسەنی ئاڤێستاییە، لە ئاڤێستادا بۆ پێناسەی وشەی وەرێس هاتووە: وەرێس چنراوێکی درێژو مەحکەمە کە لە مووی گا دەڕێسرێت و دەچنرێت و بۆ هەندێ کاروباری تایبەتی ناو پەرستگە و ئاتەشگەکان و لەوانەش بۆ هەڵواسین و ئاوێزانکردنی (بەرسەم) لە بۆنە ئایینیەکاندا بەکار دەبرێت. (لە بەرگی یەکەمی کتێبی " ئاڤێستا لەمێژینەترین سروودی کورد" دا باسی وشەی بەرسەم کراوە). بەمچەشنە دەبێ بڵێین: گوریس یا وەرێسە وشەیەکی رەسەنی

ئاڤێستایی (هەورامیـیە) و ئەویـش هەروەکـوو وشـەی (هـامن) کە لەسـەرەوە باسمان کرد، لەیەك بنەماو رەگوڕیشـەیەو تەنیا ئاڵوگۆڕێکی بچووکی بەسـەردا هاتووە ئەویش لە دەربڕیندا، واتە لە سۆرانیدا پیتی (گ)ی پێ زیاد کراوەو بۆتە گوریس، لە هەورامیشدا پیتی (ه)ی پێوە لکێنراوەو بۆتە وەرێسە، هەردووکیشیان لە رەگـی هەمـان (وەرێـس)ی ئاڤێسـتایین کە زمـانی دێـرین و دەوڵەمەنـد و راستەقینەی نەتەوەکەمان بووە.

# وەسنە



وەسنە گوندێکی بچووکی کوردستانە و دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی شاری مەریوان (نێوان مەریوان و گاڕان)، زۆر لە شارەوە دوور نییە و هاوسێی گوندەکانی (دەری و نشکاش)ە لە دەوروبەری مەریواندا، گوندێکی سەخت و شاخاوییە و بەکێوی سەخت و بڵند دەورە دراوە، بەشێوەیەك کە گوندەکە کەوتۆتە قووڵاییەوەو تەنها بستێك ئاسمانی لێوە دیارە. ئەم وشەیە (وەسنە)، ناوێکی ئاڤێستاییە و یەکێکە لەو شوێنانەی کە ئاڤێستا وەکوو کێو ئاماژەی پێکردووە (بەڵام بەداخەوە هیچ لێکۆڵەرێکی بواری زمان و جوگرافیای ئاڤێستایی هێشتاش نەیتوانیوە شوێنەکەی بدۆزێتەوەو دیاریی بکات کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان نەشارەزایی توێژەرانی ئەو بوارە).

وشەکە لە ئاڤێستادا بە هەمان شێوەی (وەسنە) نووسراوە کەچی شپیگڵ بە هەڵە گۆڕیویەتی و کردوویەتیە (وەشنە)، گەرچی ئەم گۆڕان و دەسکارییەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت بەڵام بەهەرحاڵ نیشاندەری ئەو راستییەیە کە زۆرجار ئاماژەمان پێکردووە و ئەویش هەمان نەزانی و ناشارەزایی دیترانە لەمەڕ زمان و جوگرافیای راستەقینە و رەسەنی سەردەمی ئەشوو زەردەشت.

لە (یەشت)ی نۆزدەدا باسی چەند کێوێك دەکات و بەناوی (وەسنە) ناویان دەبات و ئێمەش دەڵێین ئەم ناوە هەمان گوندی شاخاویی (وەسنەی)ی ئێستای لای مەریوانە و مەبەست لە چەند کێوەکەش هەمان ئەو چەند شاخ و لووتکەیەی دەوروبەری گوندەکەیە کە وەکوو گوتمان دەوریان داوە و گوندەکەیان لە ئامێز گرتووە و خستوویانەتە ناو بازنەیەکی بەرتەسکەوە.

# وەراوەرە



وەراوەرە باخێکی چڕو پڕئاوو پڕ بەرو بەرهەمە لەگوندی هەرە دێرینی کەیمنە لە هەورامانی لهۆنی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم باخە چڕوپڕو ئاوەدان و سەرسەوزە دەکەوێتە خوارووی گوند {نێوان گوندی کەیمنە و (شاخی میرووتمان)}. باخی میرووتمان دەمانباتەوە بۆ سەردەم و چاخی هەرە کۆن و دێرینی (پێشدادی)، واتە بۆ سەردەمی جەمشید و بۆمانی دەردەخات کە کەیمنە مەڵبەندێکی سەرەکیی زەردەشت و گەشەی ئایینە پیرۆزەکەی بووە.

لە ئاڤێستادا وشەی (وەر ــ وەرە)مان هەیە کە بەو باخە دەگوترێت وا جەمشیدی تێدا حەسایەوە، واتە ئەو باخەی کە جەمشید بە ئەمرو ڕێنمایی ئاهوورامەزدا، خۆی و سەرجەم بوونەوەرە چاکەکانی تێدا نیشتەجێ کردو لە

مەترسیی لافاوی وێرانکەر پاراستنی و پاش لافاوەکە لەباخەکە هێنانیە دەرەوەو تەیاری کردن و خستنیە ڕێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی دووبارەی جیهان. گوندی کەیمنە پێشتر لە شوێنێکی تەریکی پشت وەراوەرە و خوارەوەی (میرووتما)دا بووە کە ئێستا پێی دەڵێن (وێرانێ)، دواتر گواستراوەتەوە بۆ شوێنی ئێستای و گوایە (مسریجان) ناوێك خاتوون و شاژنی ئەو وڵاتە بووە و کاری گواستنەوەکەی ئەنجامداوە، ئەم گواستنەوەیە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەمان لافاوی بەناوبانگ و مسریجانیش یەکێك بووە لە پێشەوا ئایینیەکانی ئەو سەردەمە. بەهەرحاڵ (وەر_ وەرە)ی سەردەمی جەمشید کە ئاڤێستا باسی دەکات، هەمان (وەراوەرە)ی گوندی کەیمنەیە، لەبیرمان نەچێت گوتمان وەراوەرە دەکەوێتە بناری کەژو قەڵای میرووتمان کە پێشتر باسمان کردووە و سەلماندوومانە کە هەمان (گەرووتمان/ گەرەزمان)ی ئاڤێستاییە کە بە تەعبیری ئەمڕۆ دەبێتە (عەرشی ئەعلا)، ئەمە جگە لە دەیان شوێنەواری دیکەی وەك: (قەڵاو گاورا) و (نسارو مەرێ) و (پیرەوەت) و (بابا زەڕین) و (وێرانێ) و...، ئەوەش بڵێم کە جگە لە شوێنەوارەکانی گوندی کۆن لە وێرانێ، لە خودی وەراوەرەشداو بەتایبەتی لە پشتەوەی باخەکانەوە هێشتاش شوێنەواری خانووی کۆن ماوەتەوە و هەرواش ئاوە ساف و زوڵاڵەکەی و دارودرەختە هەرە پیروقەیرە و بەتەمەنەکانی، ئەم راستییە زۆرترو باشتر دەسەلمێنن و کۆنی و دێرینەیی ئەو مەڵبەندە پیرۆزە ئاهوورایيەمان زۆرتر بۆ دەردەخەن. کەوابوو دەشتوانین بڵێین: ژیان و ژیار، پاش وێرانییەکەی لافاو، جارێکی دی لە وەراوەرەی پیرۆزی گوندی دێرینی کەیمنەوە سەری هەڵداوەتەوەو هەرواش دەبێ بڵێم (وێرانێ) دەبێ شوێنەواری هەمان لافاو بووبێت و هەربەو هۆیەوە وێران بووبێت، هەربۆیەش پاشتر کەیمنە گواستراوەتەوە بۆ شوێنی ئێستای کە شوێنێکی زۆر جوان و شیاوە لە بناری لووتکەی ستراتیژیی (قەڵاو گاورا)وە، شوێنێك کە بە پێی سەرجەم پێوەرە کۆن و نوێیەکانی ئەندازیاریی بیناسازی، شیاوە بۆ خانوو کردنەوەو ژیانی کۆمەڵگە.

# زرێبار




" زرێبارو بــــــەهاری
بەهەشتی کـــــوردەواری"

(زرێبـار_ زرێـوار) دەریـاچەیەکی جوان و دڵگیـرو کەم وێنەی کوردسـتانە کە دەکەوێتە پاڵ شـاری مەریوان لە پارێزگای کوردسـتان/ سنە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی کـوردان، دەریـاچەیەك کە بـۆتە نگینـی ئەنگوسـتیلەی ئەو شـارە جـوانەو هەسـتی ناسـکی زۆر شـاعیریشـی هەژانـدووە، بـۆ نمـوونە دەتـوانین ئامـاژە بە (مەولەوی، قانیع، شەریف و...) بکەین. باس و بابەتی ئەفسانەیی و هەندێ جاریش خورافی لەسـەر زرێبـار زۆر لەسـەر زارانەو زەقترینیـان هەمـان داسـتانی فەیلەقـووس و دەروێشی ستەمکێشی ئەو شارەیە کە گوایە زرێبار شارێك بووەو بەدوعاو نزای ئەو دەروێشە دژی فەیلەقووسی حاکمی ستەمکار نغرۆ بووەو کەوتۆتە ژێر ئاو... هتد!

بەڵام ئەگەر بمانەوێ بگەینە بنەما ڕەسەن و ڕاستەقینەکەی و واتای دروستی وشەکە بدۆزینەوە، دەبێ پەنا بەرینە بەر ڕەسەنترین دەق و تێکستی مێژوویی نەتەوەکەمان، واتە ئاڤێستای پیرۆز.

لە ئاڤێستادا چەند ناوێکی لێکچوو هەن کە هەموویان یەك واتایان هەیە:

❖ زەرێنومە ئیتی - یەکێکە لەو نۆ ڕووبارەی کە دەڕژێنە دەریاچەی هاموونەوە (لەبیرمان نەچێت کە پێشتر گوتوومانە هامون هەمان دەربەندیخانە و زرێباریش دەڕژێتە ناوی).

❖ زەرێنومەنت - ناوی دەریاچەیەکە و واتای زێڕین و شوێنی زێڕ دەدات.

❖ زەرینمەند - ناوی دەریاچەیەکی زێڕینە.

❖ زەریە - واتە دەریا و ناوی (زەرە - زێڕ)یش لەوەوە هاتووە. هەموو ئەم ناوانە لە (یەشتەکان و لەبوندەهێش)ی ئاڤێستادا هاتوون و بەو جۆرە پێناسە کراون کەچی توێژەران نەیانتوانیوە شوێنەکانیان دیاری بکەن! هەر هەمووشیان ناوو پێناسەی ڕاستەقینەی (زرێبار)ی مەریوانن و بەمچەشنەش بۆمان دەردەکەوێت کەزرێبار وشە و ناوێکی ئاڤێستایی و هەرواش شوێنەوارێکی دێرینی سەردەمی سەرهەڵدان و برەوی ئەو ئایینە پیرۆزەیە.



## پیرەوەت

پیرەوەت شوێن و نەزرگەیەکی پیرۆزە لە گوندی کەیمنە لەهەورامانی لهۆن بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. دەکەوێتە لای سەروو (باکووری ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە)، شوێنێك کە پێی دەڵێن سەرقەڵا و نزیکی قەبرستانەکەیە کە (لاوەنا)ی پێدەگوترێت و هەرواش دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە کەیمنە پەیوەست دەکات بە (بێرواس) و (تەوەنەو کەشکا) و سەرووی (دەرە قووڵە)وە. نەزرگەکە لە پانتاییەکی فراواندا هەڵکەوتووە و بۆخۆی گۆڕەپانێکی تەواوە و لای سەرەوەشی شوێنەواری چەندین بینا و خانووی کۆن و ڕووخاو دەبینرێت. خەڵکی کەیمنە ڕێزێکی شایانی لێدەگرن و بەکەسێتییەکی پیرۆز و دێرین ناوی دەبەن.

ئەم پیرەوەتە بەخۆی و شوێنەواری خانوەکانیشەوە و بەسەرنجدان بەوەی کە دەکەوێتە بناری بەرزاییەکی ستراتیژی و هەرە دێرین کە پێی دەڵێن (قەڵاو گاورا)، دەبی خۆی یەکێك بووبێت لەپێشەوا ئاینییەکان و شوێنەکەشی لەو سەردەمەدا شارێك یا کۆمەڵگەیەکی زیندوو بووبێت، ئەویش لەسەردەمی زەردەشت و تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ئەو ئایینە پیرۆزەش.

لەئاڤێستادا سێ وشەمان هەیە کە ئەگەر بەوردی لێکیان بدەینەوە، ئەوا ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان باشتر بۆ دەسەلمێنن:

❖ پەئورڤەت یا پورڤەت، بەپێی بڕگەکانی ١٣و ١٤ی یەشتی دەیەم ناوی شارێکە.

❖ پەئورڤەتات بەواتای ڕێبەرایەتی، پێشەوایی دێت و لەبڕگەی ٤ی بەشی ٩٠ی ڤێسپێرەتدا باسی لێوە کراوە.

❖ پەئورڤەبەنگهە، لەبڕگەی ١٢٤ی یەشتی سێزدەیەمدا وەکوو پیاوچاك و ناودارێکی پیرۆز ئاماژەی پێکراوە و ستایش دەکرێت.

ئاڤێستا ناسەکان هێشتاش نەیانتوانیوە شوێنی ژیانی ئەو پێشەوایە و هەروەها شوێنی شاری پورڤەت بدۆزنەوە و دیارە ئەمەش بۆ ناتەواوی و لاوازیی ئەوان دەگەڕێتەوە لەناسینی ڕاستەقینەی زمان و مێژووی ئاڤێستادا.

بەهەرحاڵ بەپێی ئەو چەند بەڵگەیە و لێکدانەوەی دروست و تێگەیشتن لەڕەمزەکانی زمانی ئاڤێستا واتە هەورامی، بۆمان دەردەکەوێت کە: پیرەوەت (پەئورڤەبەنگهە) کەسێتی و زانا و پیاوچاکێکی ناوداری ئەو سەردەمە بووە و لەشاری پەئورڤەت (پیرەوەت)دا ژیاوە و خەریکی پێشەوایی و ڕێبەرایەتی (پەئورڤەتات)ی خەڵکی ئەو دەڤەرە بووە. دیارە هێزێکی دیکەش هەبووە لە قەڵای گاوراندا کە شار و خەڵکی شاری پیرەوەتی پاراستووە، لەبیرمان نەچێت گوتمان جگە لەمەزاری شەخسەکە، شوێنەواری شارێکیش بەڕووخاوی ماوەتەوە و شوێنەکەشی پاڵی داوە بەدامێنی لووتکەی بڵند و ستراتیژی (قەڵاو گاورا)وە و هەروەها بەسەر ڕێگایەکی سەرەکیەوە. ئەم ڕاستیانەش پشتمان گەرمتر دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین: پەئورڤەت و پەئورڤەبەنگهەی ئاڤێستا، هەمان (پیرەوەت)ی ئێستایە لەگوندی دێرینی کەیمنەدا. خۆ ئەگەر بڵێین ناوەکە لە دوو وشەی (پیر) و (ئەیوەت) پێکهاتووە و بۆتە پیرئەیوەت و دواتر تووشی گۆڕانکاری و سووان هاتووە، بەهەڵەدا نەچووین چونکە (ئەیوەت)یش هەریەکێکە لەزانا و پێشەوا ئاینییەکانی سەردەمی زەردەشتە، ئەمەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و دەکرێ بڵێین (پیر ئەیوەت)ی پێشەوای ئایینی لە (پەئوروەت)دا کە شارێکی پیرۆز بوو، ژیاوە و دواتر هەردوو ناوەکان بوونەتە یەك و بەشێوەی (پیرەوەت)ی ئێستا بۆ هەردوولا بەکاربراون.

## ئەردای ویراف و میعراج



ئەردای ویراف یا ئارتای ویراف یەكێك بووە لە مۆبدو زانا مەزنەكانی ئایینی زەردەشتی لە سەرەتاكانی سەردەمی ساسانیدا، هاوچەرخی ئەردەشیری پاپەكان دامەزرێنەری حكوومەتی ساسانی (٢٢٤ ز) بووە.

ئەم مۆبدە گەورەیە كتێبێكی هەرە بەنرخی لەسەر بارودۆخی مێژوویی و كۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە نووسیوە بەناونیشانی (ئەردای ویرافنامەك) كە دەبێتە سەرچاوەیەكی بەنرخ لە بوارەكانی ئەدەبی و دینی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی لە ئایینی پیرۆزی زەردەشتی لەو سەردەمەدا.

وەك دەزانین و بیستوومانە، ریوایەت و گێڕانەوە دینییەكانی ئیسلام، داستانی میعراجی محمد پێغەمبەریان گێڕاوەتەوە و كردوویانەتە یەكێك لە بۆنە پیرۆزەكانی ئەو دینە. بە پێی ئەو گێڕانەوانە، گوایە پێغەمبەر سواری ئەسپە

تایبەتەکەی (بوراق) بووە و پێی لێناوە بەرەو ئاسمان و لەگەڵ (جبرەییل)دا سەردانی زۆرشوێنیان کردووە و پێغەمبەرەکانی پێشووتریان بینیوە و جبرەییل وەڵامی پرسیارەکانی محەمەدی داوەتەوەو ڕێنمایی کردووە لە گەڕان و بینینی بەشە جیاجیاکانی ئاسمان و بەهەشت و جەهەننەم و...تاد!

لەلایەکی دیکەوە دەبینین هەمان ئەم داستانە نزیکەی چوارسەدە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام لە لایەن ئەرداویرافەوە لە مێژوودا تۆمار کراوە و هەردوو داستانیش کتومت لەیەك دەچن، بە ڕادەیەك کە زۆر بە ئاسانی و بێ ئەملاولا دەتوانین بڵێین داستانی دووەم لەوەی یەکەمەوە کۆپی کراوە، تەنیا ناوەکانی گۆڕدراون و جیاوازییەکی تریشی پێوە لکێنراوە، ئەویش ئەوەیە کە میعراجی پێغەمبەر مۆرکێکی مادی و فیزیکیی دراوەتێ کەچی ئەوەی لای ئەرداویراف لایەنێکی مەعنەوی و متافیزیکیی هەیە، واتە گەر پێغەمبەر بەسواریی ئەسپ ڕۆیشتووە، ئەوا ئەرداویراف خەونی دیتووەو لە جیهانی خەون و ڕۆحانییەتدا سەفەرەکەی کردووە، بەجۆرێك دەکرێ بڵێین (سەفەری ڕۆح).

بەهەرحاڵ، ئەرداویراف لە خەون یانخود بەهۆی ڕۆحەوە سەفەری جیهانی مینویی دەکات کە لێرەدا سەربردەی سەفەرە ڕۆحانییەکەی بە کورتی دەگێڕینەوە:...

ئەردای ویراف لەگەڵ ئیزەدەکانی سروش و ئاگر دەکەوێتە ڕێ و لەپردی چینوەت (سیرات) دەپەڕێتەوەو بەئاسمانەکاندا دەگەڕێت، دەگاتە مانگ و لەوێ دەچێتە شوێنی (وتەی چاك) و چاوی بە چەندین کەس لە کەسێتییە پیرۆزەکان دەکەوێت، ئیزەدەکان دێنە پێشوازی و ڕێزی تایبەتی لێدەگرن، هەر شوێن و کەس و شتێك ببینێ، پرسیارێکی لا دروست دەبێت کە فریشتەکانی سروش و ئاگر وەڵامی دەدەنەوەو ڕێنموونیی دەکەن. لە درێژەی سەفەرەکەیدا دەگاتە بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ و لەوێش چاوی بە فریشتە (ئیزەد)ی داد (ڕەشەن) دەکەوێت کە خەریکی هەڵسەنگاندنی لایەنی چاکە و خراپەی کردارەکانی خەڵکە. دواتر دەیبەنە سەیری گیانی مردووەکان و چاك و خراپەکانی

بەجیا پیشان دەدەن، ئەردای ویراف دەڵێت): ئەنجامی کارە چاکەکان بە شێوەی نازدارێکی جوان و دڵڕفێن دەهاتە پێشچاوم و ئەنجامی کارە خراپەکانیش بە وێنەی (پەتیارە)، بوونەوەرێکی ناحەزی ناشیرینی بێزەوون و ترسێنەر لە پێش چاوم دەردەکەوت).

بەمچەشنە، وێڕای گەشت و سەیروسەفەرەکەی بە ئاسمان و پردی چینوەت و بەهەشت و دۆزەخدا، زۆرکەس و زۆرشت دەبینێت و لەگەڵ (ئیزەد) فریشتەکانی سروش و ئاگردا پرس و جۆی زۆرو باسی زۆر شت دەکەن و بە ئەنجامێکی دڵخوازو دڵخۆشکەرو هیوابەخش و دەستێکی پڕ (لە لایەنی مەعنەوییەوە) دەگەڕێتەوە. لە بیرمان نەچێت کە میعراجە رۆحانییەکەی ئەرداویراف نزیکەی چوارسەدە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و گەلێ زۆرتریش پێش میعراجە مادییەکەی پێغەمبەر محمد بووە!.

# سوپاس و پێزانین

پڕ بەدڵ سوپاسی خۆم ئاراستەی هاوبیرانم لە ناوەندی ئاڤێستا دەکەم کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم بەرهەمەیان لە ئەستۆ گرت.

* سوپاس بۆ ماندوویێتیی (ئەدهەم)ی کوڕم کە زەحمەتی پیتچنین و بەرگی کتێبەکەشی کێشا و لەگەڵیدا ماندوو بوو.

بە هیوای بەختەوەریی هەموو ئەشەڤەنێك لە سەرتاسەری گێتیدا